دەزگای رۆشنبیریی جەمال عیرفان

نێوەندی توێژینەوەی شانۆی کولتوریی

ناوی کتێب:  ئەنتوان ئارتۆ
نووسینی: ئەنتوان ئارتۆ.. مونیک بۆری.. دانا رەئوف..
نیهاد جامی وکۆمەڵێک نوسەریتر
بابەت: لێکۆڵینەوەی شانۆیی
دیزاین: ئارام عەلی
تیراژ:
نرخ:
چاپی یەکەم: دەزگای جەمال عیرفان، ساڵی ٢٠١٤
کوردستان – سلێمانی

# ئارتۆ
1896–1948

**کاردۆ**

شاعیر و وێنەکێش و شانۆکارێکی فەرەنسییە، لە شاری مرسیلیا لە دایک بووە و لە (ئێڤری_سور_سین) کۆچی دوایی کردووە، ماوەیەک لە نەخۆشخانە دەروونییەکاندا ژیانی بردۆتە سەر، دوای دەرچوونی لە نەخۆشخانە دەستی کردووە بە وێنە کێشان، لە ساڵی1920 ڕووی کردە شاری پاریس وەک کارمەندێک لە گۆڤاری (سبەی) کاری ئەکرد،پاشان ژمارە سێی بڵاوکراوەی (شۆڕشی فەرەنسا) ی ڕادەست کرا، دوای پەیوەنیکردنی بە (لۆنی_بۆ) وە چەند ڕۆڵێکی سینەمایی بەرجەستە کرد کە گرنگترینیان ڕۆڵی (کرسیانی باوک) بوو لە فیلمی (ژان دارک) دا. ئارتۆ ژمارەیەک چامەی خۆی نارد بۆ گۆڤاری (فرەنسا) بەڵام بڵاو نەکرانەوە، تا لە ڕێی نامە گۆڕینەوەوە پەیوەندی بە (جاک پریڤەر)ی سەرنوسەری گۆڤارەکەوە کرد و داکۆکی لەبوونی چامەکانی خۆی کرد، ئارتۆ پێیوابوو چامەکانی پارچەیەکن و لە نەبوونەوە (عدم) هێناونی، وەلێ سەرنوسەری گۆڤارەکە هەمیشە پێداگری ئەکرد لە بڵاونەکردنەوەیان، بەڵام دواتر لە دووتوێی دیوانێکی شعریدا بە ناوی (زاری ئاسمان) ەوە بڵاوکرانەوە.

لە بارەی چامەکانییەوە ئەڵێت" ئەو پەردبوونەی نێو ئەو سیستمە بەردەوامەیە کەلە نێو بیرۆکەی مندایە، ئەو کەم وکوڕییانەی لە فۆڕم دایە، تەواوی ئەوانە ناگەڕێنەوە بوکەم وکوڕی ڕاهێنانی

یان کەم هۆشیاری لەو ئامرازەی کە بەکاریدێنم، هەروەک ناگەڕێنەوە بۆ سستی لە گەشە سەندنی عەقڵ، بەڵکو ئەگەڕێنەوە بۆ هەرەسهێنانی ناخ و جۆرێک لە پەرتبوونی هزر"خودی ئەو پەرتبوونەی کە لە ناخی ئارتۆدا بوو بووە مایەی ئەوەی کە لە دواییدا سوریالیزمی بە دۆخێکی نێگەتیڤ لە قەڵەم دا "منێک کە لە بازنەی خۆمدا لە نێو ئازار و بەدبەختیدا ژیان بەرمە سەر، ئەبێ شۆڕشی جیهان بەلای منەوە چ بایەخێکی هەبێت؟ ئەوەی من لە سوریالیزم و سوریالیستەکان دووردەکاتەوە من چەندە ڕقم لە ژیان ئەبێتەوە ئەوان هێندەی ئەو ڕقە ژیانیان خۆش دەوێت"

بەڵام ئاخۆ سۆفییەتی گوێنەدان بە ژیان لەگەڵ ئەفسونی ڕاستەقینەدا جیاوازە؟ ئەفسون ئارتۆی بەرەو ئەستێرەناسی و نهێنی ئاینەکانی خۆرهەڵات و سوپەر سروشت ئاراستە دەکرد، پێیوابوو سۆفییەتی لە ئەزموونی نێو ووشەکان دایە، "ئەوەی ئەمڕۆ پێیدەڵێم سیعر، هۆشیاریەکە سەبارەت بە ئاکامی ناوەکی و دینامیک بیرۆکە" بۆیە هەوڵیئەدا لە ڕێی کۆمەڵێک وێنای ماددییەوە ئەم ئەزموونە بەرجەستە بکات. ئارتۆ بڕیاری لەسەر ئەوە دا کە ووشەی ڕاستەقینە ڕوون و ئاشکرا نییە، هەروەها زمانیش هەمیشە دوورە لە واقیعەوە، لێرەدا گرنگی و بایەخی بە گوزارشتی جەستە ئەدا، پێیوابوو پێویستە شانۆی (توند و تیژی) پێکهاتەی ئیستاتیکای دەنگێکی ئەفسوناوی و جوانی گوزارشت کردن بێت. ئەمەش زیاتر لە سەردەمی دامەزراندنی شانۆی (ئەلفرید جاری) نمایشی شانۆیی (خێزانی چێنچی) دا بانگەشەی بۆ دەکرد،تاکو لە ساڵی 1938 بووە بنەمای کتێبەکەی کە

بەنێوی (شانۆ و هاوشانۆ بڵاوکرایەوە).
ئارتۆ دوای گەڕانەوەی لە مەکسیک و ئاشنابوونی بە ڕیتوالی هیندییەکانی (تارا هو مارا)، سەردانی ئێرلەندای کرد و لە ماوەیەکی کورتدا لەو وولاتە دەرکرا و ڕەوانەی نەخۆشخانەی دەروونی کرا، ماوەی 9 ساڵ لە نەخۆشخانەکاندا ژیانی بردەسەر، کاتێکیش کە لە نەخۆشخانە هاتە دەرەوە دووچاری نەخۆشی شێرپەنجە ببوو، بۆیە هەمیشە خۆی بە قوربانی کۆمەڵگا ئەزانی، وەک مرۆڤێکی تەرێک هەستی بە ئازارێکی زۆر ئەکرد، تا لە ساڵ 1948 دا بەیەکجاری کۆچی دوایی کرد.
ژێدەر:

ژێدەر:

* أرتو/جهاد هواش

* انتوان أرتو: الرجل الذى تحول الى مسرح/ضياء ألاسدي

# شانۆ و هاوشانۆ

**دانا ڕەئووف**

نووسەر و شانۆکاری فەرەنسی (ئەنتۆنین ئارتۆ) لە ساڵی ١٩٣٨دا چاپی یەکەمی کتێبی (شانۆ و هاوشانۆ) بڵاو دەکاتەوە. کتێبەکەیش، کە نووسەر لە چەند کاتێکی جیاوازدا نوسیوویەتی، تەقەلایەکە بۆ بەرەنگاربوونەوەی شانۆی باو و لە هەمانکاتدا ڕۆنانی شانۆیەکی تری جودا. بەشەکانی کتێبەکە بریتین لە: شانۆ و تاعوون، شانۆ و ڕۆشنبیری، ریژی و میتافیزیک، شانۆی ڕۆژهەڵات و شانۆی ڕۆژئاوا، شانۆ و کیمیا، دەربارەی شانۆ لە بالی، شانۆ و توندوتیژی، مانیڤێستەکانی شانۆی توندوتیژ و

نامەکانی زمان... هتد هەرچەندە ئەم کتێبە لە کاتی بڵاو کردنەوەیدا دەبێتە جێگای سەرنج، بەڵام لە شەستەکاندا وەک کیشوەرێکی تازە، سەرلەنوێ دەدۆزرێتەوە و تا ئێستایش کاریگەرییەکانی بەسەر ڕەوت و تەوژمەکانی شانۆی ئەزموونگەری و ئەڤانگارتیی جیهانییەوە دیارە.

ئارتۆ لەم کتێبەیدا بە زمانێکی ساکار گوزارشت لە کۆمەڵێک تێز و دیدی هەمەچەشنەی ناتەبا، بۆ شانۆ دەکات و دەگەڕێتەوە بۆ سەرچاوە سەرەکیی و بەرابیەکانی هونەری شانۆ؛ لەوانەیش تراجیدیا کۆنەکان، شانۆ پڕ لە ڕاز و نیازەکانی چاخەکانی ناوەڕاست و هەموو جۆرەکانی سەما و شانۆی ئاسیا و ئاسیای ناوەڕاست. هەروەها دووپاتی ئەوەیش دەکاتەوە، کە دەبێت شانۆ بگەڕێتەوە بۆ بنەما سەرەتاییەکانی، گرینگی بە مەسەلەکانی هونەری ریژی بدات بۆ ئەوەی شانۆ کاریگەری بە سەر بینەرەکانییەوە هەبێت،نەک لە ڕێگای دیالۆگ و مەسەلە فیکرییەکانەوە، بەڵکو بە جووڵە و دەنگ و ڕووناکی و هەموو ئەو تەکنیکانەی، کە شانۆی نوێی دەیانخاتە بەردەستی شانۆکارانەوە.

ئارتۆ بەم کتێبەی هەموو بنەما تەقلیدییەکانی شانۆی ڕۆژئاوای هەڵگێراوەتەوە و کاریگەری بەسەر چەندین نەوەی شانۆکار و نووسەرانی شانۆ و ڕەخنەگرانەوە هەبووە، هەر بۆ نموونە ئەو نەوەیەی، کە لەگەڵ تەوژمەکانی شانۆی پوچگەرایی دەرکەوتن: بێکێت، یونسکۆ، ئەدامۆڤ و ژان ژینییە، بەتایبەتیش لە ڕووی بەکارهێنانی چەمکەکانی پەیڤ و مامەڵەکردن لەگەڵ دیالۆگ و تێکستەکاندا، کەوتوونەتە ژێر ڕکێف و کاریگەرییە بێ سنوورەکانی ئارتۆوە. ئەمە جگە لەوەی، کە هەموو تەوژمە

هاوچەرخ و مۆدێرنەکانی تری شانۆ، بەشێوەیەک لە شێوەکان، لەژێر کاریگەرییەکانی ئارتۆدا لەدایک بوون.
ئارتۆ ١٨٩٦–١٩٤٨ سەرەتا بە دیوانێکی شیعری بچووک دەست پێ دەکات، دوای ئەوە پەیوەندی دەکات بە ئەندریە بریتۆن و سوریالیزمەکانەوە و لەگەڵ شارڵ دۆلان کار دەکات و هەندێک ڕۆڵی بچووک، بەڵام گرینگ لەسەر شانۆ و لە سینەمادا دەبینێت. لە ساڵی ١٩٢٦دا شانۆی (ئەلفرێد گاری) دادەمەزرێنێت و چەند نەمایشێکیش بۆ ئەم شانۆیەی خۆی پێشکەش دەکات، هاوکات دیدی خۆی بۆ گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی هونەری شانۆ دەخاتە ڕوو. بەڵام هەوڵە شانۆییە کردەییەکانی ئارتۆ خۆی، هەر لە سەرەتاوە تووشی شکست دەبن، لەبەر ئەوە دەچێت بۆ مەکسیک و ماوەیەک لە ناو هۆزە بەرەییەکانی ئەم وڵاتەدا دەمێنێتەوە و دواتریش بەرەو ئێرلەندە دەکەوێتە ڕێ. کە دەشگەڕێتەوە لە ئەنجامی چەند نەخۆشییەکی دەروونیدا بەرەو شێتبوون دەچێت و بەم هۆیەیشەوە بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ لە نەخۆشخانە دەروونی و عەقلییەکاندا، بێبەزەییانە، توندی دەکەن. ئەوی لێرەدا گرینگە ئاماژەی بۆ بکەین، ئەوەیە کە ئارتۆ هەمیشە لە شانۆدا و بۆ شانۆ ژیاوە: لە کاتێکدا، کە شیعری دەنووسی، شانۆ سەرچاوەکانی دەبێت، کە دەیشچێت بۆ مەکسیک بۆ گەڕان بە دوای ئەو ڕۆشنبیرییەی تا ئەوکاتە شارستانییەت نەیشێواندبوو، هەر وەک کەسێکی شانۆکار ڕەفتار دەکات. هەموو نووسینەکانیشی، شیعر، نامە، مانیڤێست و گوتارە شانۆییەکانی، دەبنە چاوگە گرینگەکانی شانۆ و (وشە)یش دەبێتە دیالۆگ.
شانۆ لەلای ئارتۆ ڕاکردن لە واقیع یان پەنایەک نییە، بەڵکو

ئامرازێکە دەکرێت بەکاربهێنرێت بۆ ئەوەی کاریگەری بەسەر مرۆڤ و دونیاوە هەبێت، ئەم کاریگەرییەیش تەنها نووسەر و ئەکتەر ناگرێتەوە، بەڵکو بە پلەی یەکەم ئەو بینەرانەی دێنە هۆڵی شانۆکانەوە، چونکە شانۆ دەتوانێت چارەنووسی مرۆڤ دیاری بکات و گۆڕانکاری لە ژیانییاندا بکات. شانۆ لەلای ئارتۆ شانۆیەکی میتافیزیکییە و دوو ڕۆڵی گرینگی هەیە: چارەسەرکردن و سەرلەنوێ بوونیادنانەوە، ئەم دوو چەمکەیش پەیوەندییەکی پتەو و میکانیزمییان بەیەکەوە هەیە.

ئارتۆ وا لە هەموو پەیوەندییەکانی مرۆڤ تێگەیشتووە، کە دیالۆگ و ململانێیەکی بەردەوامن. بابەتەکانی کتێبی (شانۆ و هاوشانۆ)یش جۆرە پێکداچوون و تێکەڵاوکردنی شتە جودا و دژبەیەکەکانە: شانۆ و ڕۆشنبیری، شانۆ و تاعوون، شانۆ و توندوتیژی، شانۆی ڕۆژهەڵات و شانۆی ڕۆژئاوا، دەرهێنان و میتافیزیک ... هتد ئەم پێگەیشتن و بەریەککەوتنەیش چەندین فۆرم و شێواز لەخۆدەگرێت یان چەمکەکانی شێواز و بنەما دیاریکراوەکان، لەم بەریەککەوتنەدا، فۆرمی تر لەخۆدەگرن و دەبنە جۆرە ململانێ و کێشەی شتە دژبەیەک و جیاوازەکان.

ئارتۆ هەمیشە، بۆ دۆزینەوەی چەمکە جیاوازەکانیش گفتوگۆ و دیالۆگ لە نێوان ئەم تووخمانەدا دەکات و لە هەموو بار و ڕەوشەکانیشدا دروستبوونی ئەم جۆرە دیالۆگانە دیدە شانۆییەکان بەرەوپێش دەبەن، لەبەر ئەوەی لایەنە دژبەیەکاکان لەم دۆخەدا دەبنە تەواوکەری یەکتری و شانۆیش دەبێتە پرۆسە و تووخمێکی هاوبەش.

یەکێک لە خاڵە گرینگەکانی ئەم کتێبە و تێزە ئێستاتیکی و

تێڕوانینه فەلسەفییەکانی ئارتۆ، ڕووخانی شانۆ و سەرلەنوێ بوونیادنانەوەی شانۆیە: رووخانی شانۆ سیکۆلۆژییە تەقلیدییەکەی ڕۆژئاوا و بوونیادنانەوەی لە ڕوانگەیەکی سەرەتایی و لە بنەماکانی ریتوالێکی ئەفسوونییەوە.
ئارتۆ دژی شانۆی ئەوروپییە، دژی لێکۆڵینەوەی سایکۆلۆژی و ڕووداوە، دژی ڕێپۆرتوارە، دژی تەکنیکی گێڕانەوەیە لە سەر شانۆ، دژی شانۆی کات بەسەربردنە، دژی دەرهێنانی تەقلیدییە و دژی وشەیە. هەر لەم ڕوانگەیەوە وشە بەیەکێک لە کارەساتە ڕاستەقینەکەی شانۆ دەزانێت و دەبێتە کێشەیەکی بەردەوام لە نێوان هونەرمەند و ئامڕازەکانیدا، هەر لەبەر ئەوەیشە، کە پێویستە شێوازەکانی ئەم کێشەیە بدۆزینەوە و سەیری قۆناخەکانی بەرەوپێشەوە چوونی بکەین. ئارتۆ دووپاتی ئەوە دەکاتەوە، کە مەسەلەکە لابردنی وشەی گوتراو نییە، بەڵکو گرینگیدانە بە وشە، بەوشێوەیەی لە خەونەکانماندایە، بە بەکارهێنانێکی تری وزەی وشەیە لە پانتایدا و بەرجەستەکردنیەتی لە شیعری شانۆدا. ئاتۆ زۆر جار لەنامەکانیدا بەچڕی باسی پەیوەندییەکانی زمان و ڕۆڵی وشە لەسەر شانۆی ڕۆژئاوا و شانۆی ڕۆژهەڵاتدا دەکات و دیدی خۆیشی بۆ بەکارهێنان و داهێنانێکی ترو جیاوازی شیعرییەتی وشە لە شانۆیەکی میتافیزیکدا دەخاتە ڕوو. سەرلەنوێ ڕۆنانەوەی شانۆیش بۆ ئەو، ڕۆنانەوەی ژیانە، بەدەستهێنانی زمانێکی تایبەتمەندی شانۆیەکی ترە، کە جەستە، دەنگ و مۆسیقا باڵا دەستە، شانۆکەی ئارتۆ ئاهەنگێکی سیحرییە و نوێکردنەوەی ژیانە لە ڕێگای شانۆوە. ئارتۆ بەبۆنەی دامەزراندنی شانۆی ئەلفرێد گارییەوە دەڵێت: " ئێمە شانۆی ئەلفرێد گاریمان

دامەزراندووە تا شانۆ سەربەستییە تەواو و سەراپاگیرییەکەی خۆی بەدەست بهێنێتەوە، ئەو سەربەستییەی لە مۆسیقا، شیعر و هونەری وێنەکێشاندا هەیە، ئەو سەربەستییەی، کە تاکو ئێستا و بەشێوەیەکی سەیر و بێ مانا شانۆی لێبێبەش کراوە." ئەم هونەرمەندە تێڕوانینێکی دینامیکی بۆ شانۆ هەبووە؛ گەڕانەوەی چەمکی شانۆ و گەڕانەوەی ئەو هێز و وزەیەی، کە لەدەستی داوە، ئەویش تەنها بە ڕووخانی شانۆ و ڕۆنانی شانۆیەکی تر بەدی دێت.

ئارتۆ لەم کتێبەدا، بە چەندین شێوە ڕاڤەی ڕەهەندەکانی چەمکی (توندوتیژی) دەکات و لەسەر چەندین ئاست دەیبەستێتەوە بە هێزی شانۆکەیەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا خوێندنەوەی هەڵەی بۆ کراوە و هەمیشە بەستراوەتەوە بە بەرجەستەکردنی سادییەت و توندوتیژیەکی ڕاستەقینە لەسەر شانۆ. ئارتۆ لە یەکێک لە نامەکانیدا دەڵێت: "دەکرێت وێنای توندوتیژییەکی چڕ بکەین، کە بەدەربێت لە هەموو جۆرە توندوتیژییەکی پڕ لە خوێن و لەتوپەتکردنی جەستە." هەروەها لە نامەیەکی تریدا دەڵێت: "وشەی توندوتیژی بە مانای خۆشەویستی ژیان بەکار دەهێنم... بە مانای... گێژاوی ژیان، کە وشەکان هەڵ دەلووشێت، بە مانای ئەو ئازارەی، کە بەبێ ئەو ژیان ڕەوتی خۆی وەرناگرێت."

ئارتۆ لە تێڕوانینێکی فیکری و فەلسەفییەوە چەمکەکانی توندوتیژی دەبەستێتەوە بەو شانۆیەوە، کە خەونی پێوە دەبینی و زیاتر مەبەستی جۆرە دیقەت و سەرنجێکی ورد و بڕوایەکی پتەوی ڕەهایە بەو ئامرازانەی، کە دونیا و مرۆڤ و مرۆڤایەتی دەگۆڕێت. هەروەها لە ریژی و میتافیزکدا دەڵێت: "سەر شانۆ

شوێنێکی فیزیکی و کۆنکرێته، داوایشمان لێ دەکات کە پڕی بکەینەوە، بەشێوەیەک بەزمانە کۆنکرێتیەکەی خۆی بدوێت. ئەو زمانە کۆنکرێتیەی، کە ئاڕاستەی هەست و سۆزمان دەکات، کە سەربەخۆیە لە بەرامبەر ئاخاوتندا و دەبێت لە پێش هەموو شتێکەوە خواستی هەستەکانمان بهێنێتە دی. چۆن شیعرێک بۆ زمانی ئاخاوتن هەیە، شیعرێکیش بۆ هەستەکانمان."

پیتەر بروک لە زیندووکردنەوە و بەرجەستەکردنی شانۆی توندوتیژ و سەرلەنوێ ناساندنی ئارتۆ بە شانۆی هاوچەرخ و مودێرنی جیهانی ڕۆڵێکی گەورەی گێڕاوە، بەتایبەتی بەخوێندنەوە هۆشیار و دیدە شانۆییە کردەییەکەی بۆ ئەم کتێبە، دەرگایەکی بەرین بە ڕووی شانۆی توندوتیژ و ئارتۆدا دەکاتەوە. بروک لە سەرەتای شەستەکاندا، هەوڵی دەستەبەرکردنی شانۆیەکی میتافیزیکی دا و لە بەکارهێنانی تووخمەکانی جەستە و پانتایی شانۆ و شانۆیەکی فیزیکییەوە، لە دیدو خەونەکانی ئارتۆ نزیک دەبێتەوە.

ئەم کتێبە بەنرخە مستەفا قەسیم لە فەرەنسییەوە کردویەتی بە کوردی و هیوادارم لە داهاتوویەکی نزیکدا بڵاو بکرێتەوە.

# مانیفێستی دووەمی شانۆی توند و تیژیی

**ئەنتوان ئارتۆ**

لەبنەڕەتدا خەڵکی لە میانی خۆشەویستی و تاوان و مادده سڕکەرەکان و جەنگ و یاخی بوونەوە هەوڵی ئەزموونی باڵا دەدەن بۆ ژیان و گەیشتن بە دۆخێکی شاعیرانە، ئیدی ئەم دانپێدانە گەر لە ئاکامی ئاگاییەوە بێت یان نائاگایی. درووست بوونی شانۆی توند و تیژیی لەپێناو ئەوەدا بوو چەمکی ژیان بگەڕێتەوە بۆ شانۆ، بەتەواوی دۆخەکانیانەوە چ وەک سۆزداری بێت یا هەڵوەشاندنەوە، بەپێی ئەم جەخت کردنە هونەریە و ئەوپەڕی چڕکردنەوەی فاکتەرگەلی دیمەنەکان، دەبێ لە توند و تیژیی تێبگەین. ئەم توند و تیژیە لەکاتی پێویستدا دەکەوێتە

کار، بەڵام بەردەوام بەو جۆرە نابێت، بۆیە دەشێ ببێتە هاوتای جۆرێک لە پاکبوونەوەی ئەخلاقی بەهێز، کە بەجۆرێک ترسی ئەوەی نابێت نرخ و بەهایەکی شایستە بە ژیان ببەخشێت.

لەڕووی تێڕوانینی ناوەڕۆکەوە

لەڕووی بیرۆکە و بابەتەوە شانۆی توند و تیژیی بابەت و بیرۆکە گەلێک هەڵدەبژێرێت کەلەگەڵ پشێوی و ناجێگیری سەردەمەکەماندا بگونجێت، ئەو نایەوێت ئەفسانەکانی مرۆڤ و ژیانی مۆدێرن بەیەکجاری بۆ سینەما جێبهێڵێت، ئەو بە شێوازی خۆی ئەو ئەرکە ئەنجام دەدات، بەجۆرێک کە هەڵوێستێکی نەیاری هەبێت بەرامبەر بە ئاراستەی جیهانی ئابوریی و سوخۆری و تەکنیکیەکان، هاوکات بایەخ دەدات بە بوارە گرنگەکان و ئەو هەست و سۆزە جەوهەریانەی کە شانۆی نوێ لەژێر پەردەی مرۆڤی ژیاری ساختەوە دەریدەخات. ئەم بیرۆکانە دەبنە گەردوونیەکی گشتگیری شیکار ئەویش بەپێی کۆنترین ئەو تێکستانەی کە لە زانستی درووست بوونی گەردوونەوە بەدەستهاتوون، بە گوێرەی تێفکرینی هەریەک لە (مەکسیکیەکان، هندستانیەکان، جووەکان، ئێرانیەکان) دوور لە مرۆڤی سایکۆلۆژی، خودان هەست و کەسێتی شیتەڵ کراو و ، مرۆڤی کۆمەڵایەتی دەستەوسانی یاساکان، کە بەهۆی چەمک و ئاینەکانەوە شێواوە، شانۆی توند و تیژی بەرەو مرۆڤی گشتگیر هەنگاو دەنێت. ئەو هزر دەرووژێنێت بۆ ئەوەی ڕۆڵی خۆی ببینێت، لێرەوە خەون و خەیاڵ دێنە ئاراوە هەریەکە و بە جۆرێک. سەرباری ئەمەش پشێویە کۆمەڵایەتیە گەورەکان و ململانێی نێوان گەلان و نەتەوەکان، هەروەها هێزە سرووشتیەکان و

ڕۆڵی ڕێکەوت و کاریگەری چارەنووس خۆی ئاشکرا دەکات، یان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەڕێی جولە و ئیمائەی کەسانێک ڕەنگە لە ڕەهەندی میتۆلۆژیەوە گەیشتبنە ئاستی خواوەندەکان و پاڵەوان و دڕندە ترسناکەکان، یاخود بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەڕێی چەند شێوازێکی ماددی کە ئامرازەکانی زانستی مۆدێرن فەراهەمی کردوون.

تەواوی ئەم خوداوەند و پاڵەوانانە، ئەم دڕندە زەبەلاحانە، ئەم هێزە گەردوونیە سرووشتیانە ڕۆڵی خۆیان دەبینن بەپێی ئەو وێنانەی لە دێرینترین تێکستە پیرۆزەکان و زانستە کۆنەکانی درووست بوونی گەردوونەوە بەدەستهاتوون.

لەڕووی تێڕوانینی فۆڕمەوە

پێویستی نغرۆبوونی شانۆ لە بنەڕەتیەکانی شیعری بەرهەست کەوتووی سۆزداری و جاوید کە لەبەردەستی زۆربەی بەشەکانی (وەرگر) دایە، شیعرێکە لەمیانی گەڕانەوە بۆ میتۆلۆژیا سەرەتاییەکانەوە بەرجەستە دەبێت، ئەم پێویستیە وامان لێ دەکات داوای (دەرهێنان) بکەین، هەروەک تێکست لە ئاست ئەرکی بەرجەستە کردنی ئەو ململانێ کۆنانەی نیە، بەر لەهەموو شتێک پێویستە ئەو بیرۆکانە ڕاستەوخۆ بگوێزرێنەوە بۆ سەر شانۆ، بەرلەوەی تێکەڵ بە ووشە بکرێن، لەڕێی گوزارشت و جولەوە بەرجەستە بکرێن، بەم جۆرە دەتوانین خورافەی شانۆیی کە بەندە بە تێکست و دیکتاتۆریەتی نووسەرەوە ڕەتبکەینەوە، هەر بەم چەشنە دەگەینەوە بە درامای میللی کۆن، کە پێشتر هزر تاقی کردۆتەوە و ڕاستەوخۆ هەستی پێکردووە، هەروەها شێواندنی زمان و بەربەستەکانی ووشە تێدەپەڕێنین.

ئێمە دەمانەوێ بەر لەهەرشتێک  شانۆ لەسەر نمایش پێک بهێنین، بۆیە لە بارەی پانتاییەوە بیرۆکەیەکی نوێ دەهێنینە نێو نمایشەوە، ئەویش بە پاڵپشت بە تەواوی ئاستە گونجاوەکان و سەرجەم خاڵە بینراوەکانی نێو قووڵایی و بەرزایی، لەچوارچێوەی ئەم بیرۆکەیەشدا، بیرۆکەیەکی دیکە لەبارەی (زەمەن) ەوە دەچێتە بواری جولەوە. هەر لە زەمەنێکی دیاریکراودا زۆرترین ژمارەی وێنە و واتا ماددیەکان دەخەینە سەر زۆرترین ژمارەی جولەکان، مەبەست لە وێنە و جولە بەکارهاتووەکان، بەخشینی چێژ نیە بە چاو و گوێ، بەڵکو سوودێکی پەنهانە بۆ خۆشگوزەرانی ڕۆح، بەمجۆرە شانۆی پانتایی ئامێز تەنها لە قەبارە و ڕەهەندەکانیەوە کاری لەسەر ناکرێت، بەڵکو لە ئاستەکانی خوارووویشیەوە کاری لەسەر دەکرێت، تێکەڵ بوونی وێنە و جولەکان لە میانی پێکادانی شتەکان و ساتەکانی بێدەنگی و هاوار و ڕیتمەوە یان لەڕێی زمانێکی ماتریالی ڕەسەن و خودان هێما نەک ووشە، تێکەڵ بوونی ئەو وێنانە دەگەنە ترۆپک، هەروەک پێویستە ئەوە ڕوون بێت کە ئێمە بێدەنگی و ڕیتم و لە رەی ماتریالی و ئەو پشێویانەی پێکهاتەی جولەی سیمیۆلۆژین و کاریان لەسەر کراوە، تێکەڵ بە بڕی ئەو جولە و وێنانە دەکەین کە بۆماوەیەکی دیار ڕێکخراون.
پاشان دەکرێ بڵێین: روحی کۆنترین هیلۆگلیفیاکان سەرپەرشتی ئافەریدە کردنی ئەم زمانە شانۆییە پەتیە دەکات.
هەموو وەرگرێکی میللی هەمیشە ئارەزووی گوزارشت و وێنە ڕاستەوخۆکانی کردووە، بۆیە ووشەی قسەکەر و گوزارشتی زارەکی ئاشکرا، دەخزێتە تەواوی بەشەکانی کردەی ئاشکرای شانۆییەوە، بەجۆرێک کە ژیان ڕوو دەکاتە پشودان،

و ووشیاریش دووچاری بەیەکداچوون دەبێت، وێرای ئەم مانا لۆژیکیە، ووشەکان بەواتایەکی تەعزیمی و ئەفسوناوی شیدەکرێنەوە، نەک تەنها لەبەر واتاکەی، بەڵکو لەبەر فۆرم و دەرهاوێشتە هەستەکیەکانیش.
چونکە دەرکەوتنی ورووژێنەری دڕندە زەبەلاحەکان پشێوی پاڵەوان و خوداوەندەکان، گوزارشتی هێزە پەیامبەرەکان بە شێوازە شێوەکاریەکەی، هەروەها کاریگەریەکانی پڕ لە شیعر و گاڵتە و گەپ کە کار دەکات لەسەر نانەوەی پشێوی لەنێو فۆڕمەکاندا هەوڵی خابوور کردنیان دەدات، بەپێی ئەو بنەما ئەنارشیزمیەی کە پێیوایە هەر شیعرێکی ڕەسەن کاریگەری ئەفسوناوی ڕاستەقینەی نابێت، گەردۆخێکی هیپنۆتیزم لەئارادا نەبێت، کە هزر لەگەڵ فشار خستنە سەر هەستەکان ڕاستەوخۆ کاریگەری جێدێڵێت، بەڵام کۆئەندامی دەماری لە شانۆی هەرس لە ئێستادا، واتە هەستی فیسیۆلۆژی، بەمەبەست دوور دەخرێتەوە و بۆ ئەنارشیی تاکایەتی وەرگری جێدێڵێت.
شانۆی توند و تیژی بەمەبەستی کۆنترۆڵ کردنی هەست دەیەوێ جەخت بکاتەوە لەسەر ئەو ڕێگایانەی زەمەن تاقی کردوونەتەوە، ئەم ڕێگایانەش کە پێکهاتوون لە هێزی ڕەنگ و ڕوناکی و ئەو دەنگانەی کە شەپۆڵ و لەرە و پەرچدانەوەکان بەکار دێنێت، ئیدی گەر لەنێو ڕیتمی مۆسیقادا بێت یان لە میانی ئەو دەستەواژەیەی کە دەخرێتە سەر زار، یان لە تۆنی تایبەت، یاخود لە میانی بڵاوکردنەوەی ڕوناکیدا بێت، ناتوانێت بگاتە ئەنجام گەر وەک مۆسیقا جیاوازی دەنگەکانی تێدا نەبێت، لەبڕی ئەوە دەنگەکان جیاوازیەکانیان تەنها لەتەوەری

چەمکێکدا بەرتەسک بکەینەوە، هەوڵ دەدەین تێکەڵ کێشیان بکەین لە واتایەکەوە بۆ واتایەکی دیکە، لە ڕەنگەوە بۆ ژاوە ژاو، لە ووشەوە بۆ ڕوناکی، لە ئیمائەیەکی شەکاوە وە بەرەو خۆشڕەنگیەکی ڕەوان، ئەم شانۆیەی کە لەسەر ئەم شێوازە پێکدێت، لەمیانی هەڵگرتنی سەکۆوە باڵدەکێشێت بەرەو تەواوی هۆڵی شانۆ، ئەوکاتیش دیوارەکان لەسەر کۆڵەکەی سوک و کەمکێش ئاوێزان دەبێت، لەنێو پۆشاکێکی تەنک و ماتریالیدا بینەر دەگرێتە خۆی و بەردەوام نوقمی دنیایەکی دەکات لە روناهی و وێنە و بزاوت و دەنگ.

ژمارەکانیش لە خودی کارەکتەرەکان پێکدێن، ئەمەش دوای ئەوەی کە دەبنە مانیکان (بووکە شووشە) ی مەزن، هەروەک لە میانی دیمەنی سرووشتی ئەو ڕوناکیە بزۆزانەوە پێکدێت کە گەمە بە شتەکان دەکەن، ئەمە سەرباری ئەو دەمامکانەی کە بەردەوام جێگۆڕکێ دەکەن. لەنێو پانتایدا پنتێکی خاڵی جێنامێنێ، ئەو کات ماوەی پشوودانیش نامێنێ، تەواوی بۆشایەکانی نێو زەین و هەستی وەرگر پڕ دەبێتەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هیچ جۆرە دابڕانێک لەنێوان ژیان و شانۆ لە ئارادا نامێنێ، لەبڕی دابڕان بەردەوامی درووست دەبێ، هەر کەسێک گەر پرۆسەی وێنەگرتنی دیمەنی فیلمێکی بینیبێ لەکاتی ئەنجامدانیدا، لەمەبەستی ئێمە دەگات، لەپێناو نمایشێکی شانۆیدا دەمانەوێ تەواوی هۆکارە ماددیەکانمان لەبەردەستدا بیت، وەک ئامێرەکانی ڕوناکی و سەرچاوەی دارایی و ئەو فاکتەرانەش کە کۆمپانیاکان ڕۆژانە بە فیرۆی دەدەن، گەرنا هەموو ئەمانەی کە ئەکتیڤ و ئەفسوناوین بەیەکجاری لەناو دەچن.

# شانۆ و خواوەندەکان

**ئەنتوان ئارتۆ**

**وەرگێڕانی: کاردۆ**

نەهاتووم بۆئەوەی پەیامێکی سوریالیزمی ڕابگەیەنم، هاتووم بۆئەوەی بڵێم سوریالیزم لە فەرەنسادا وەک مۆدەیەک بەسەر چوو، نەک لە بەر ئەوە بەڵکو لەم وڵاتەدا زۆر شتی تریش وەک مۆدە تێپەڕکراون و لە دەرەوەی وڵات لاسایی کراوەتەوە، هەروەک بڵێی نمایندەی هزری ئەم وڵاتە بن. هەڵوێستی سوریالیزم هەڵوێستێکی نێگەتیڤ بوو، هەروەها هاتووم بۆئەوەی بڵێم تەواوی گەنجانی ئەم وڵاتە تینوی چارەسەری

پۆزەتیڤن، دەیانەوێت چێژ بە ژیان ببەخشنەوە و تەواوی بۆچوونەکانیشیان خودی خۆیان ئەنجامی بدەن. ویست و ئارەزووی نوێی لاوانی فەرەنسا بابەتێک بتوانین لە دووتوێی کتێب و ڕۆژنامەکاندا وەک نەخۆشیەکی سەرسوڕهێنەر یان پەتایەکی سەیر کە هیچ وابەستەگییەکی بە ژیانەوە نییە لە بارەیانەوە بدوێین. پەتایەکی فیکری کۆنترۆڵی جەستەی لاوانی فەرەنسای کردووە، ناشێت وەک نەخۆشییەک دەست نیشانی بکەین، وەلێ پێداویستییەکی ترسناکیشە هەروەک یەکێکە لە تایبەتمەندیەکانی ئەم سەردەمە. ئیدی هزر تەنها هزر نییە، بەڵکو ئارەزوویەکە و ڕووەو پراکتیزەبوون ئەچێت. حاڵی حازر لە باکگراوەندی سەرجەم گۆڕانکاریە فیکریەکانی فەرەنسادا ئیرادەیەکە هەیە کە لە توانایدایە پراکتیزە بێت. کاتێک وێنەکێشی لاو ( بالتوس ) وێنەی ئافرەتێک دەکێشێت، ئەوە گوزارشت لە ویستی خۆی ئەکات بۆ گۆڕینی بارودۆخی ئافرەت بەپێی بیرکردنەوەکانی خۆی، ئەو لەمیانەی تابلۆکەی خۆیدا گوزارشت لە چەمکێکی ترسناک و پڕ بایەخی خۆشەویستی و ژن دەکات، دەشزانێت کە پەیڤەکانی خۆی بێ مانا نین، چونکە تابلۆکەی نهێنی جووڵە لەخۆی دەگرێت، ئەو وەک کەسێک وێنە دەکێشێت کە نهێنی بروسکەی لابێت. ئێمە نهێنی بروسکەمان پراکتیزە نەکردووە جیهانیش پێیوایە ئەمە سوژەیەکە و پەیوەندی بە زانستەوەیە، بۆیە بۆ زاناکانی بەجێدێڵت. بەڵام ڕۆژێک دادێت کەسێک نهێنییەکە پراکتیزە بکات کە دواتر دەبێتە مایەی دارمانی جیهان، ئەو کاتەش جیهان ئەکەوێتە هەڵسەنگاندنی نهێنییەکە. گەنجان داوامان لێدەکەن پەیوەندی لە نێوان نهێنی شتەکان و بەکارهێنانە

هەمەجۆرەکانیان دروست بکەین. لەم وولاتەدا بۆچوونێکی کولتوری لە ئارادایە کە لە نێوان خوێندنگاکاندا بوونی نیە، چونکە لەو دیوی ئەم بۆچوونانەدابیرۆکەیەکی ژیاری هەیە کار لەسەر بێزارکردنی خوێندنگەکان ئەکات و پڕۆسەی فێرکردنیان لێدەشێوێنن، بەپیویستیشی ئەزانێت ئاگر لە خۆپیشاندانەکانی هزری مرۆڤایەتیدا ئامادەگی هەبێت. لای هەمووانیش ئاشکرایە وێنای ئەو هزرەی کە گڕی لە گەشەسەندن دایە لە شانۆدا بوونی هەیە، هەروەک پێمانوایە شانۆ تەنها بۆئەوە ئافەریدە بووە کەبەرجەستەی بکات، کەچی ئەمرۆ زۆرێک پێیانوایە شانۆ پەیوەندی بەواقیعەوە نییە،کاتێک لە بارەی شتێکەوە ئەدوێین کە حەقیقەت دەگۆڕێتە کاریکاتۆر، هەر هەموو پێیانوایە مەسەلەکە پەیوەندی بە شانۆوە هەیە، ڕاستییەکەی ئێمە لە فەرەنسادا پێمانووایە ئەرکی شانۆی ڕاستەقینە ئەوەیە حەقیقەتەکانمان بو ئاشکرا بکات، ئەوروپا لە دۆخێکی شارستانی هاو چەرخ دایە، دەمەوێ بڵێم زۆر ناتەندروستە، هزری گەنجی فەرەنسایش ڕوبەڕووی ئەم دۆخە شارستانییەتە پێشکەوتووە ئەبێتەوە و پێویستی بە کێسێرلینگ و سپێنگلەر نییە بۆ بەدبەخت کردنی گەندەڵی جیهانێک کە لەبارەی ژیانەوە پشت بە کۆمەڵێک بیرکردنەوەی هەڵە ئەبەستێت، کە لە سەردەمی ڕێنیسانسەوە بۆی ماوەتەوە.

پێمانوایە ژیان لە وونبوونێکی دژواردایە، بۆئەوەی هەست بەو دۆخە وونبوونە بکەین دەبێ تەنها پەنا بەرینە بەر فەلسەفەیەکی نوێ، بارودۆخەکە گەیشتۆتە ئاستێک بتوانین بڵێین گەنج بەدوای خۆشەویستیدا ئەگەڕێت، ئەمەیش لە چەندین قۆناغی

دیکەی ژیاندا ڕووی داوە، بەڵام گەر بە هەڵەدا نەچووبم، لە جەوهەردا بەدوای ئەم ژیانەوە هەنگاو ئەنێت. ئەو دەیەوێت لە هۆکاری ناتەندروست بوونی ژیان بگات، ئەو فاکتەرەیش بدۆزێتەوە کە بۆتە مایەی ئەوەی تێڕوانینی خراپمان هەبێت بۆ گەنج. بۆ ئەو مەبەستەش بە تەواوی گەردووندا دەچێتەوە، دەیەوێت لە سروشت و مرۆڤ تێبگات، وێڕای ئەوەش نایەوێت لە یەک ڕووەوە بڕوانێتە مرۆڤ، بەڵکو لە تەواوی ڕووەکانەوە، نموونەی ئەمەش سروشتە، کاتێک لە بارەی سروشتەوە قسەی بۆ ئەکەین پرسیاری ئەوە دەهێنێتە ئاراوە کە ئاخۆ ئەمڕۆ ئێمە بەنیازین لەبارەی چ سروشتێکەوە بدوێین، ئەو دەزانێت هەروەک جۆن خۆی خودان سێ جیهانی لە ناو یەکترە، ئاوهاش سێ سروشتی یەک لە دوای یەک هەن، بەبۆچوونی ئیمپراتۆر (جولیان) سێ خۆر هەیە تەنها یەکێکیان ئەبینرێت، (جولیان لاپۆستان) تاوانبار نیە بەوەی نوقمی ڕوحگەرایی کرستیانی بووبێت، هەر ئەو بە یەکێک لە دوایین نوێنەرانی بواری (زانستە دێرینەکان*) دەژمێردرێت. گەنجی ئێمە زانست ئەخزێنێتە نێو سروشتەوە، هەروەها پێیوایە چەندین پۆلێنکاری دەرەکی هەیە کە دەخزێتە نێو سروشتەوە، مرۆڤیش یەکێکە لەو پۆلێنکاریانە. گەنجان دەزانن کە دەشێت شانۆ مافی ئەو بۆچوونە باڵایەی پێ ببەخشێت کە لەبارەی مرۆڤ و سروشتەوە هەیەتی. پێی وانیە ئەم تێڕوانینە باڵایەی خۆی کە لە بارەی شانۆوە دەرهەق بە ژیان ناپاکی ئەنجام دابێت، بە پێچەوانەوە پێی وایە شانۆ یارمەتی دەدات بۆ چارەسەرکردنی ژیان. هەزاران شێواز هەن کە بتوانن لە میانایانەوە گرنگی بە ژیان بدەن ئینتیمایان بۆی هەبێت، ئێمە

لەگەڵ دەسەوەسان بوونی ڕاشناڵەکان (عەقڵانیەکان) بەرامبەر بە تەنها بۆچوونێک لە جیهانێکی ناڕێکدا، لە چیەتی تاوەری (عاجی*) یش تێنەگەیشتووین، ئێمە کۆکین لەسەر ئەوەی ڕاشناڵەکان بتوانن ئاوێتەی سەردەمی خۆیان بن، بەڵام بۆ ئەو مەبەستە هیچ ڕێگایەکی دیکەیان لە بەردەمدا نییە،جگە لەوەی کە ئەبێت ڕووبەڕوی سەردەمی خۆیان ببنەوە و لە پێناو ئاشتیدا بجەنگن.

ئێمە هۆکاری بەدبەختی ئەقڵی ئەم سەردەمە ئەگەڕێنینەوە بۆ ئەو جەهلە گەورەیەی کە هەیە، لە بەرامبەردا تەوژمێکی بەهێز هەیە دەتوانین لە میانییەوە ئەو جەهلە کەویی بکەین، مەبەستم کەویکردنێکی زانستیانەیە، ژیان بەلای ئێمەوە کەڕەنتینە (محجر صحی) و نەخۆشخانە نییە، تەنانەت تاقیگەیەکیش نییە، لەلایەکی ترەوە پێموانیە بتوانرێت کولتور لە سەر ووشە و بۆچوونەکان ڕابهێنرێت، هەروەها هیچ شارستانییەک ناتوانێت لە دەرەوەی ئەم نەریتانە درێژە بە بەردەوامی خۆی بدات، بەر لەوەی لەگەڵ ئەم گەلەدا هاوسۆز بین. لەسەر ئەوە ڕێکدەکەوین سیفەتە چاکەکانی گەل کە بیرچوونەتەوە سەرلە نوێ زیندوویان بکەینەوە، بۆ ئەوەی بتوانێت هەنگاوی بەرەو پێش بنێت. کەوایە دەڵێم گەنج نیگەران نییە، بەڵکو مایەی نیگەرانییە، چونکە ئەوەی کە دێتە بەرهەم لەگەڵ بیرکردنەوەی ئەودا ناگونجێت، هەڵبەتە تاوانەکە ئەگەڕێنینەوە بۆ جەهلی ڕۆژگار و چاوەڕوانی شۆڕشێک دەکات بۆ لە ناو بردنی.

کاتێک گەنج بۆی ڕوون دەبێتەوە کە چینەکان توانیویانە لە ڕێی (الفا*) وە چارەسەری پەتای (کۆلێرا) بکەن، لەکاتێکدا

چارەسەرکردنی ئەو پەتایە لە ئەوروپا جگە لە ڕێگە چارەی درندانە و سووتاندنی تەرم، هیچ چارەسەرێکی دیکە نییە، تەنها بەوە ناوەستێت کە ئەو جۆرە پزیشکە تێکەڵ بە میدیکاڵی ئەوروپایی بکات، بەڵکو لە کەم و کورییەکانی فکری ئەوروپی تێدەفکرێت و هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگە چارە ئەدات. گەنج گەیشتۆتە ئەوەی (چین) توانیویەتی تێگەیشتنێکی قوڵی هەبێت بۆ پەتای کۆلێرا ئەویش خودی کولتورە. چەندین نهێنی دیکەی کولتور هەن کە لە دووتوێی تێکستەکاندا نادۆزرێنەوە. هاوکات لەگەڵ بوونی کولتوری ئەوروپی کە وابەستەی تێکستی نووسراوە، وامان بە خەیاڵدا دێنێت گەر تێکستەکان لەناو بچن ئەوا ئەو کولتورەش لە ناو ئەچێت، من ئەڵێم لەبەرامبەردا کولتورێکی دیکەش هەیە کە لەناو تەنگژەیەکی تردا ژیاوە، دروست بوونی ئەم کولتورە لەناوچووەش لەسەر بیرۆکەیەکی ماتریاڵە کە (عەقڵ) بەرهەمهێنیەتی.

بەرامبەر بەمرۆڤی ئەوروپی کە تەنها ئاشنای جەستەی خۆیەتی و نەیتوانیوە خەون بە ڕێکخستنی سروشتەوە ببینێ، مرۆڤی چینی لەڕێگای عەقڵەوە دەگاتە مەعریفەی سروشت، ئەو بۆ هەڵسەنگاندنی ڕۆح لەپلەکانی چڕی و بۆشایی شارەزایی تەواوی هەیە، بەپیی پرۆسەی فیزیکی ڕۆح کە پێکهاتووە لە (380) پۆینت. چینییەکان ئەتوانن سروشت و نەخۆشیەکانی پەنی بکەن، دەکرێ بڵێین گەیشتونەتە ئەوەی کە لە سروشتی نەخۆشییەکان بگەن.

جاکوب بۆیهیم کە تەنها باوەڕی بە ڕۆحە، هەروەک وەسفی بارودۆخی تووڕە بوونی ڕۆح دەکات لەنێو تەواوی سروشتدا،

هەموو ئەمانەش جارێکی تر لە بارەی مرۆڤەوە بیرۆکەیەکی نوێمان پێدەبەخشن. دیسان کۆکین لەسەر ئەوەی هەروەک چۆن لە قۆناغی ژیاندا مرۆڤیان ناسیووە، ئەبێ ئێمەش بزانین مرۆڤ کێیە: واخەریکە ئەو لەمپەر و یاساغانە ئاشکرا ئەکەین کە لە لاین زانستێکی ترسنۆک و بودەڵەوە خراونەتە بەردەم پاشماوەکانی زانستێک کە توانای شیکردنەوەی ژیانی هەبووە. سەبارەت بە ئەوروپا شاعیر ئەو کەسەیە کە بتوانێت لە ڕێی قیژە و هاواری خۆیەوە بگاتەوە بە (ڕەشەبا)، بەڵام بەلای ئێمەوە کە تێگەیشتنێکی پێکهاتەییمان هەیە بۆ کولتور پێمانوایە پەیوەندی کردن بە قیژە و هاواری (ڕەشەبا) دووبارە دۆزینەوەی ژیانە. ئەمڕۆ لە جیهاندا ڕەوتێک لە ئارادایە داخوازییەکی کولتوری هەیە، داخوازییەک خودان بیرکردنەوەیەکی ئۆرگانی و قوڵی ئەو کولتورەیە کە لە توانستیدایە قۆناغەکانی (فکر) شیبکاتەوە. دەزانم کولتوری ئۆرگانی کولتورێکە لەسەر بنەمای پەیوەندی نێوان هزر و ئۆرگانەکان هاتوەتە کایەوە، هەروەها ئەو هزرەی کە نوقمی ئۆرگانەکانە، بەڵام لە هەمانکاتدا کارایە. ئەم بۆچوونە کولتورێکی سپەیسی (فەزایی) لە خۆدەگرێت و ئەوەش دەڵێم کولتوری ڕاستەقینە جگە لە سپەیس ناکرێت لە هیچ شوێنێکی دیکەدا ئاشنای ببین، هەروەها کولتورێکی ئاڕاستە کراوە، شانۆش ئاراستەی کولتورێک دەکرێت کە لەنێو سپەیس دایە، مەبەست لە کولتوری هزرێکە تەنها بە هەناسە دان و هەستکردن بە ژیان لە نێو سپەیس دا ناوەستێتەوە، بەڵکو وەک بابەتی فکری خۆی داوای کۆکردنەوە و لەخۆگرتنی پێکهاتەکانی نێو سپەیس دەکات، بەڵام وەک هزرێکی جێگیری ناوەندی سپەیس، واتا دروست

لە نێو پۆینتی مردوویدا. بیرۆکەی پۆینتی مردوویی سپەیس، تاڕادەیەک بیرۆکەیەکی میتافیزیکیە کە لە میانیەوە (هزر) گوزەر بکات، وەلێ بەبێ میتافیزیک کولتور بوونی نییە، ئەی مەبەست لە چەمکی سپەیس چیە کە لە پڕێکدا هاتە نێو کولتورەوە، گەر جەخت کردن نەبێت لەسەر هاوتابوونی کولتور بە ژیان.

(تاوتۆ کینگ دۆلاو تسیۆ) ئەڵێت" (30) تیشک بەرەو خولگە (میحور) ئەچن، بەڵام ئەو بۆشاییەی کە لە ناوەڕاستیدایە تەنها ئەو ڕێگە بە بەکارهێنانی ڕەوڕەوەکە ئەدات، هەرکات مرۆڤەکان هاوبیر بوون، ئەو کات دەشێ بڵێین ئەو هاوبیرییە بەرەو فۆڕمەیشن (تشکیل) بڕوات، بەمەرجێ لە نێو بۆشایی مردووی سپەیسدا نەبێت، کولتور بزافێکی فیکرییە لە بۆشاییەوە بەرەو فۆڕمەیشن ئەڕوات، لەوێشەوە بەرەو بۆشایی، پاشان بەرەو مەرگ، ڕۆشنبیربوون واتا سووتاندنی فۆڕمەکان لەپێناو بە دەستهێنانی ژیان. مەسەلەکەش پەیوەندی بەوەوە هەیە چۆن بتوانیت لە نێو بزاوتی بەردەوامی ئەو فۆرمانەی کە یەک لەدوای یەک تێکیان دەشکێنین بە پشتڕاستی بمێنینەوە.

مەکسیکیە کۆنەکان جگە لە هاتوچۆی نێوان مەرگ و ژیان شتێکی تریان نەزانیوە، ئەم وێستگە ناوەکییە (داخلی) ترسناکە و ئەم جموجۆڵی هەناسەدانە ئەو کولتورەیە کە لە یەککاتدا لە نێو سروشت و هزر دا جموجولی هەیە، ئەمەش (میتافیزیک) ە گەرچی ئێمە ناتوانین لە نێو میتافیزیکدا بژین، بەڵام لە ڕاستیدا ئەبێ سەرلە نوێ ژیان بچێتەوە نێو میتافیزیک، ئەمەش ئەو دۆخە دژوارەیە کە مرۆڤی ئەمڕۆی شێت کردووە، دۆخی تەواوی ئەو ڕەگەزە ڕەسەنانەیە کە بەردەوام لە یەککاتدا خۆیان لە نێوان

مەرگ و ژیاندا بینیوەتەوە، بۆیە کولتور نانووسرێتەوە، هەروەک ئەفلاتون دەڵێت "ئەو ڕۆژەی کە یەکەم ووشە نووسرا هزر لە ناوچوو" نووسین واتا ڕێگە گرتن لە جمووجوڵەکانی هزر لەنێو فۆرمەکاندا، هەر لەو ڕوانگەیەوە کە نووسینەوە دەبێتە مایەی چەق بەستنی هزر لە نێو فۆرمێکدا، فۆڕمیش ئەبێتە ئەنگیزەیەک بۆ سەرهەڵدانی شێتی و دێوانەیە (الهیام)، شانۆی ڕاستەقینەش چۆن کولتور هیچ کاتێک نەچۆتە نێو پڕۆسەی نووسینەوە، شانۆ هونەری سپەیسە، بەو پێیەی کە شانۆ لەسەر هەر چوار پۆینتەکەی سپەیسدا جێگیر بووە، هێندەی نەماوە بگاتەوە بە ژیان و ژیانیش وێناکانی خۆی لە نێو ئەو سپەیسەدا ئەدۆزێتەوە کە شادی تێدایە، ئەمڕۆ بزافێک لە ئارادایە هەوڵی جیاکردنەوەی شانۆ دەدات لە تەواوی ئەو شتانەی کە سپەیس نین، هەروەها هەوڵی ئەوە دەدات زمانی دەق بگەڕێنێتەوە بۆ دوتوێی کتێب، کە لە ڕاستیدا دەبوو چوارچێوەی کتێبی بەجێ نەهێشتایە، ئەم زمانە سپەیسیەش کاردەکاتە سەر حەساسیەت و دەمارگیری و گەشە ئەدات بە پرۆسەی نمایشی خواroوی خۆی، من ناچار بەوەی جارێکی تر ئەم تیۆریە دووبارە بکەمەوە کە سەبارەت بە بوونی شانۆیە لە نێو سپەیسدا و هاوکات لە ڕێی جووڵە و دەنگەوە کاریگەری خۆی جێدەهێڵێت، لەگەڵ پڕکردنەوەی سپەیسیشدا بەدوای ژیان و هێزدا دەگەڕێت،ئەویش بەمەبەستی دەربازبوون لە پۆینتەکان، دروست وەک ئەو خاچە شەش پەلە (فرع) ە وایە، کە بە تەیمانی هەندێک لە پەرستگاکانی (مەکسیک) ەوە هەڵواسراوە، هەوەها ئەو خاچەی کە بەردەوام لە ناوەڕاستی تیمانێکی داخراودایە  بە ئەندازەیەکی پەنهانی

هەیە و لە بیرۆکەیەکی ئەفسووناوییەوە وەرگیراوە، مەکسیکیە کۆنەکان بۆ دروست کردنی (خاچ) لە نێو پانتاییەکی بۆشدا جێگیر ئەبوون و بە دەوری خۆیاندا بازنەیەکیان لە خاچ دروست ئەکرد، خاچی مەکسیکی سەمبولێک نییە بۆ سپەیس هەروەک زۆربەی زانایانی ئەمرۆ پێیانوایە، بەڵکو خاچێکە بۆ دۆزینەوەی ڕێگایەک بەکاردێت لە پێناو ئاوێتە بوونی ژیان بە سپەیس و جارێکی تریش دۆزینەوەی قوڵایی ژیان لە دەوری سپەیس دا، هەمیشە بۆشایی، هەمیشە ئەو پۆینتەی کە لە دەورووبەریدا ماددەکان چڕ ئەبنەوە، بۆیە خاچی مەکسیکی سومبولی ڕابوونی ژیانە، زۆرجار لە نێو (کۆدێکس) ەکاندا خواوەندەکانم بینیوە، وەی دەبینم کە ئەم خواوەندانە پێشتریش لە نێو سپەیسدا خواوەند بوونە، میتۆلۆژیای کۆدێکسەکانیش نهێنی خواوەندەکانی پاراستووە کاتێک کە لە سپەیسدا بوونە، هەروەکو کونە شادۆییەکانن بە جۆرێک کە ژیان ئەچێتەوە نێو کونەکان ، ئەمەش بەدەر لە ئەدەب ئەوە ئەگەیەنێت بوونی ئەم خواوەندانە بە ڕێکەوت نییە، بەڵام لە شانۆدا چۆنە لە ژیانیشدا هەروایە، هەروەک چوار بەشەکەی هەستی مرۆڤ پڕ دەکاتەوە، لە نێو ئەو بەشانەدا هەریەک لە دەنگ و جووڵە و ئەو هەناسەیەی ژیان ئەدرکێنێت جێگای خۆیان ئەکەنەوە. کێ تا ئێستا پێیوایە هەست بە بوونی خواوەندەکان ئەکات و لە شوێنیان ئەگەڕێت، گەڕان بەدوای شوێنی خواوەند، واتە گەڕان بەدوای هێزی خواوەند، تا ئەبینە هێزێکی ئیلاهی، ئەورووپا پێیوایە ئەو خواوەندانە پەرستگارن، بەڵام هزری هیندۆسی ئەزانێت بە چ شێوازێک و لە میانەی مۆسیقای هێزییەوە هێزی خواوەندەکان ببزوێنێت، شانۆش لە

ڕێگەی دابەشکردنی مۆسیقای هێزەکانەوە هێزی خواوەندەکان دەخوازێ، خواوەندەکانیش لە میانی هاوارێک یا ڕوخسارێکەوە بەرەو ڕوومان دێن، هەروەک ڕەنگی ڕوخسار هاواری خۆی هەیە، هاواریش شوێنی وێنەیەکی نێو سپەیس دەگرێتەوە، ئەو سپەیسەش کە گەشە بە ژیان ئەدات.

سەبارەت بە من پێموایە ئەم خواوەندە لادەر (منحرف) و شلەژاوانە لەپێناو گەیشتن بە سپەیس لە بارەی دروست بوونی ژیانەوە میتۆدێکی ئاشکرا دەخەنە ڕوو، هەروەک بڵێی ترسی ئەوەیان هەبێت بەباشی هەست بە ژیان نەکەن، ترسی هونەرمەندە مەکسیکییەکان بەرامبەر بە بۆشایی (فراغ) کە وایان لێدەکات هێڵەکان بخەنە سەر یەکتر، تەنهاش داهێنانی ئەو هێڵ فۆڕمانە نیە کە بەرامبەر بە (چاو) نەرم و نیانی ئەنوێنن، بەڵکو ئاماژەیە بۆ پێویستی و گرنگی سپەیس، خواوەندە مەکسیکیەکانیش کە بەدەوری بۆشاییدا ئەخولێنەوە و شێوازێکی دەگمەن ئەخەنە ڕوو بۆ دووبارە دۆزینەوەی هێزەکانی سپەیس، دیارە بەبێ ئەو هێزانە واقیع هیچ بوونێکی نییە، پێموایە لە کۆتایشدا خواوەندە مەکسیکییەکان خواوەندی ژیانن، هەروەها سەرچاوەیەکشن بۆ بەدەست هێنانەوەی ووزە و سووڕی فیکری. ئەو هێڵانەشی کە بە باڵایشیدا سەردەکەون شێوازێکی دڵگیر و ڕیتم ئامێز ( ئیقاعی) پێشکەش ئەکەن لە پێناو باڵابوونی هزرێک بەسەر هزرێکی دیکە دا،خواوەندەکان ئەخوازن هزر قاوغگیر نەبێت و گوزەر بکات.

(( لە جەنگەکەدا بەرەو پێش ئەچم ))

پێدەچێت ئەمە زمانحاڵی ئەو خواوەندەبێت کە جۆرە چەکێکی بە دەستەوەیە و لە بەردەم خۆی دایناوە، هێڵێکی درەوشاوەی بان

سەری ئەڵێت "بانگی ئەو هێزانە ئەکەم کە لێیانەوە هاتومەتە دەر" هەر بۆیە ئەم خواوەندانە لە وێنای نا هیومانی خۆیاندا جگە لە بەژن و بالا ئاساییەکانیان کە لە شێوەی بەژن و باڵای مرۆڤن، پێمان دەڵێن کە چۆن مرۆڤ لە توانایدایە خودی خۆی تێپەڕ بکات و جێیبهێڵێت، سەرباری ئەوەش پێموایە هارمۆنیایەک لە نێوان هێلەکاندا هەیە، جۆرێک ئەندازەیی گرنگە کە لەگەڵ وێنەی دەنگدا ئەگونجێت. لە شانۆدا هێڵ دەنگە، جووڵە و موزیکە، ئەو جووڵەیەی کە لە دەنگەوە سەرچاوە ئەگرێت وەک ووشەیەکی واتاداری ڕوونی نێو ڕستەیەکە.

خواوەندە مەکسیکییەکان خودان هێڵی کراوەن، ئاماژە بۆ تەواوی ئەو شتانە دەکەن کە دەردەچن و دێنە ئاراوە، هاوکات ئەوەمان بۆ ئەخەنە ڕوو کە بە چ شێوازێک تێکەڵ بە شتێکی دیکە ببین. میتۆلۆژیای مەکسیک، میتۆلۆژیایەکی کراوەیە، هەروەک مەکسیکی دوێنێ و ئەمڕۆ چەندین هێزی کراوەی بۆ خۆی پاراستووە، پێویستی بەوە نییە بایەخ بەو هێزانە بدات کە لێی دێنە دەر، تەنها شوێنێکی سەر زەویە کە پێشنیازی ژیانێکی پەنهان ئەکات، هەروەها پێشنیاریش ئەکات ڕووبەری ژیان بگرێتەوە.

*زانستە دێرینەکان : زانستی تەلیسم جادووگەری و ئەستێرەناسی.

*تاوەری عاجی : تەریکبوون و دابڕانی هونەرمەند و فەیلەسوفەکانە لە ژیان، زاراوەکە لە داهێنانی شاعیری فەرەنسی (سانت بیف) ە کە بۆ یەکەمجار لەساڵی 1837 لە شعرێکی خۆیدا بەکاریهێنا.

*ئەلفا : دۆخی بەر لە نووستنی تەواو، یان ساتی بەر لە بێدار بوون.

# ئارتۆ فەیلەسوفی شانۆ

**نیهاد جامی**

تێگەیشتنی ئارتۆ بۆ شانۆ بەتەنیا خەونێک نەبوو بۆ شانۆیەک کە ئەو دەیویست بێتە دی، بەڵکو ئەو خەونە لای ئەو یۆتۆپیایەک بوو نەهاتبووە دی، بۆیە باوەڕی وابوو شانۆ تا ئێستا لە دایک نەبووە، چونکە واسەیری شانۆی دەکرد کە دەبێ توانای مرۆڤ بیهێنێتە دی، نەک فرمانی یەزدان بێت بەسەر مرۆڤ، هەر بۆیە ئەو شانۆیەی کە ئارتۆ بەدوای دەگەڕا زیاتر شانۆیەک بوو لە نموونەی مرۆڤی باڵای نیتچە وە نزیک بوو، ئەوەش وای کرد شانۆی ئەزموونگەری بە تێگەیشتنێکی تردا بڕوات،

بەوەی گەر هەر ئیزافەیەک لە شانۆدا ئەزموون بێت، ئارتۆ هات ئەو تێگەیشتنەی بەتەواوی هاودژ کردەوە، ئەوەش لەڕێگەی کوشتنی یەزدان لە شانۆدا، بەو کوشتنە توانی هێز بۆ مرۆڤ بگەڕێنێتەوە، چیتر شانۆ لای ئەو بریتی نەبوو لە هێزی ئاسمان بەسەر مرۆڤ، بەڵکو دیدی غەیبانی لە شانۆدا تێکشکاند، لەڕێگەی کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی ووشە، ووشە نەیهێشتووە شانۆ مومارەسەی ئازاد بوونی خۆی بکات، ووشە سەرەنجام شانۆی کۆتی ناو یاسای پەرستگا کۆنەکان کردبوو، گەڕانەوەی ئیرادە بۆ مرۆڤ لەڕاستیدا ئازاد بوونی مرۆڤ بوو لە یاساکانی پەرستگا ئاینیەکان،

تێگەیشتنی ئارتۆ بۆ شانۆ ڕەخنەگرتن بوو لە شانۆی تازەگەری، ئەو ڕەخنەگرتنە بووە هۆی لەدایکبوونی ڕێرەوو ئاراستەی جیاوازی ئەزموونکاری بۆ شانۆ، بۆیە شانۆ بۆ ئەو لەدایکبوونی هونەرێکە کە پێشتر ئامادە بوونی نەبووە، ئەوە مێژووی ڕاستەقینەی شانۆی ئەزموونگەریە، ئەزموونێک لە پێناو شانۆ خۆیدا، بەواتای ئەوە ئیزافە بەخشین نیە بە شانۆ، بەڵکو خولڵقاندنی شانۆیە، چونکە ئەوەی ڕێگر بوو لەبەردەم یوونی شانۆ، ئەوە بە تەنیا ووشە و حیکایەتەکانی نەبوو، کە دەبوونە مایەی پێکەنین و خەوبردنەوەی بینەران بەرامبەریان، بەڵکو ئەو دیدەی بڕوای وابوو شانۆ دەیەوێ لەو ڕێگەیەوە لاسایی ژیان بکاتەوە.. ئەوەیان گرفتی سەرەکی بوو، ئارتۆ نەک تەنیا شانۆی بە لاسایی کردنەوەی ژیان ناو نەبردەوە، بەڵکو چەمکی ژیانی بۆ خۆی بەلاسایی کردنەوە سەیر کرد.

کاتێ شانۆ لاسایی ژیان نەکاتەوە، بەهۆی ئەوەی ژیان خۆی

لاسایی کاری بێت، ئەو ساتە پەیوەندی نێوان ئەکتەر و بینەریش بە تەواوی گۆڕانی بەسەردا دێت، ئەو گۆڕانەش لەسەر ئاستی پەیوەندی ئەو دوانە بە تەنیا نامێنێتەوە، بەڵکو پەیوەستە بە لێدان لە سێنتەری ڕابردوو بۆ پێکهاتی نمایش، کە شانۆ لە دەقەوە سەرچاوەی دەگرت، لەو ڕێگەیەوەش زمانی شانۆ زمانی تێکستی ئەدەبی بوو، ئارتۆ لە (مانیفێستی یەکەمی) شانۆکەیدا ئەو سێنتەرەی بە تەواوی هەڵوەشاندۆتەوە بەهۆی ئەوەی "کۆتایی بە دوورخستنەوەی شانۆ لە دەق، وە ئامادە کردنەوەی جۆرێک لە زمانێکی نایاب، کە بزاوت بکات لەنێوان جولە و فیکر" (1) لێرەوە لەوە دەگەین کە ئارتۆ ویستوویەتی شانۆ زمانێکی تایبەت بە خۆی هەبێت، زمانی مەشق و گەڕانی شانۆکار بێت نەک زمانی تێکستی ئەدەبی، بۆ ئەوەش بڕوای وایە "هەموو نووسەرە شانۆییە گەورەکان لەدەرەوەی شانۆدا بیریان کردۆتەوە" (2) بەواتای ئارتۆ بڕوای وایە نووسەرانی شانۆ نەیانتوانیوە لەناو پرۆسەی شانۆ کەسێکی بیرکەرەوە بن، ئەوەش بۆتە هۆی کوشتنی شانۆ، بۆیە شانۆ بەلایەوە پێویستە خاوەنی زمانێک بێت پرسیار و گومانی خۆی هەبێت، بەیەکداچوونێکی شانۆیی بێت لەنێوان فیکر و جولەدا، ئەوەش چارەسەرێکی جیاوازی شانۆیە لە ئەدەب، بەوەی شیعری لە دەیالۆگەوە گۆڕی بۆ پانتایی، شیعری پانتایی بە واتای شیعریەتی شوێن لەڕێگەی سیستمی ڕێکخەری نێو ماتریالەکان و جەستەی ئەکتەر، ئەوەش لە دایکبوونی زمانی بینین بوو، زمانێک لە هەناوی پانتایی دێتە بوون، نەک لەناو دەمی ئەکتەر، ئەوەش زمانێک بوو کە شانۆی یەکسان دەکردەوە بە میتافیزیکیا، چونکە دەیویست لە شانۆدا

میتافیزیکیا بنیات بنێت، ئەوە میتافیزیکیای ڕاستەقینە بوو کە بریتی بوو لە میتافیزیکیای ووشە و گوزارشت، بەڵام نەک بەو مانایەی کە ئینتیمای تەواو بۆ چەمکی ڕاستەقینە بکات، بەڵکو ئەو میتافیزیکایە دەکەوتە ناو هەرەشەی ڕەخنەی توندەوە، ئەوەش بەلای ئارتۆ دژایەتی بۆچوونەکانی نەبوو، هێندەی پێی وابوو تەنیا ئەوانە بۆیان هەیە ڕەخنە لە میتافیزیکیا بگرن، کە بڕوایان بە ئاینە.

شاعیریەتی شوێن بەهۆی ئەوەی لە خەونەوە لەدایک دەبێت، بۆیە شانۆکەی زیاتر وابەستە کرد بە خەونەوە، خەون پێویستی بە دیدێکی تەئویلکاریانەیە بۆ میتافیزیکیا، بۆ پاراستنی بەشێک لەو ڕەهەندە میتافیزیکیەی خەون.

هەموو ئەمانە بەرەنجامی هاتنە دی پەیوەندیەکی نوێیە لەنێوان بینەر و شانۆ، دیارە کاریگەری ئەو شانۆیە لەسەر بینەر هەوڵێکە بۆ پاکژکردنەوەی ڕۆحی ئەو بینەرە لەڕێگەی سرووتەوە، شانۆ بۆ بینەر بەو تاعونە ناو دەبات کە دەتەقێتەوە، پرۆسەی تەقاندنەوەی تاعون.. پرۆسەیەکی پاکژبوونەوەی ڕۆحی هەریەکە لە ئەکتەر و بینەرە بۆ مرۆڤێکی جیاواز، ئەو مرۆڤەی لای فەیلەسوفی ئەڵمانی فریدریک نیتچە بە (مرۆڤی باڵا) دەیناسین، ئارتۆ ئەو مرۆڤە لە خودی خۆی دەگوازێتەوە بۆ ئێمەی ئەکتەر و بینەر، بەمانای خۆی ناکاتەوە بە سێنتەر، بەڵکو ئەو دژی بە سێنتەر کردنە، ئەو بە دژکردنەوە وای کردووە دوالیزمی (ئارتۆ/ شانۆ) بێنێتە کایەوە، ئەو بەدوالیزم ناوبردنە جیاوازە لەو هاوکێشەیەی کە (جان لۆی باڕۆ) شانۆی ئارتۆ دەگۆرێتە سەر (مرۆڤ/ شانۆ) چونکە ئارتۆ سێنتەر دەداتەوە شانۆ، شانۆش

ژەهرێک دەدات بە ئارتۆ کە ژەهر خواردنێکی (سوکرات) یە بۆ ئەبەد نەمریی پێ دەبەخشێت، ئەو نەمرییە بە سێنتەر کردنەوە نیە، بەڵکو بنیاتی گوتاری ئەزموونگەریە بۆ شانۆیەکی فەلسەفی.. چونکە سەرەڕای فەلسەفی، بەڵام دوالیزمەکە ناتوانێت هەریەکە لەو دووانە لەناو ئەویتر بتوێنێتەوە، بەهۆی ئەوەی "چیرۆکی ئارتۆ و هونەری شانۆ هەمان چیرۆکی سیزیف و بەردەکەیەتی" (3) ئەگەر سیزیف لەدوا لوتکە بەردەکەی غلۆر بێتەوە، ئەوا پرۆسەی غلۆر بوونەوە لای ئارتۆ، بەتەنیا هەوڵدانێکی سەرلەنوێ نیە، بەڵکو پرۆسەیەکە دەبێتەوە خاڵی پشکنین و وەرچەرخان، ئەوەش گومانی شانۆیە لە وەستان و گەڕانێکی ئەزموونکاریانەی بۆ دوای خۆی بنیاتنا، کە وەک دەروازەیەک بۆ جیهانی نەزانراوو گەڕان بەدوای شتە ئاشکرا نەکراوەکان بڕوات. چونکە ئارتۆ بەتەنیا خۆی وەک سیزیفێک دەرناخات، بەڵکو ئەو دوای گەشتە سەرسوڕهێنەرەکەی بۆ وولاتی مەکسیک کە پێی وابوو ئەوێ سەرەتای گەشتە کولتوریەکەیەتی لە شانۆدا، چونکە لەو گەشتەیدا زۆر تێگەیشتنی بۆ شانۆ گۆڕا تەنانەت چتر خەونی بەرەو کولتوری ژاپۆنیش هەنگاو نەنا، هەر بۆیە سیناریۆیەکی نووسی بەناوی (تالانکردنی مەکسیک) ئەو کارەی بووە هۆی ئەوەی بەشێکی تر لەدیدی ڕاستەقینەی ئەو بۆ شانۆکەی ڕوون بکاتەوە، چونکە ئەوەتە لە بیرۆکەی ئەو پرۆژەیەدا ئاماژە بۆ دۆخی بەر لە تەکنەلۆژیا دەکرێت کە ڕۆح تیایدا کوژراوە، هەر لەسەرەتاوە ئازاد بوونی ڕۆح دەبینین، لەڕێگەی ئەشکەوتی کۆنی مرۆڤ و ئامادە بوونی لادێ (4) هەستی دەکرد بەوەی توانیویەتی پەی بەو نهێنیە بەرێت بۆیە خۆی وەک پێغەمبەرێک

لە شانۆدا دەبینی، دوای گەڕانەوەی گەشتەکەی لە مەکسیک کتێبێک دەنووسێت، خۆی وەک پێغەمبەر ناو دەبات، بۆ ئەوەش لە پەیوەندی خودا و مەسیح قسە دەکات، دەیەوێ خۆی بە مەسیح ناو بەرێت، بەڵام مەسیحێک دوور لەمانا ئاینیەکەی. لەوەشدا دیسان تێبینی ئەوە دەکەینەوە کە نزیکیەکی زۆر هەیە لەنێوان ئارتۆ و نیتچە، بۆیە ئەوە لەڕاستیدا بیرۆکەی کوشتنی یەزدانی نیتچەیە، کە مرۆڤ شوێنی دەگرێتەوە، ئارتۆ خۆی بەو پێغەمبەرە ناو دەبات، بەڵام خۆ پێغەمبەرێکی ئاینی نیە، بەڵکو پەیامهێنێکی نوێی شانۆیە، ئامادەیی خۆی نیشان دەدات بەوەی وەکو مەسیح جەستەی خۆی بکاتە قوربانی ئەوانیتر، وێناکردنی ئەو کارەکتەرە بۆخود، بەتەنیا پێشنیاری وێنەی یاخیەکی شانۆیی نیە، بەڵکو وێناکردنێکە ناوزەد دەکرێت بەلادان لە سیستمی کۆمەڵایەتی، ئەو لادانەش سزاکەی بە توندکردنی لە شێتخانە کۆتایی دێت، نۆساڵ ژیان بردنە سەری لە شێتخانە ئارتۆی دڵنیاکرد لەوەی کۆمەڵگای مۆدێرنیتی کۆمەڵگایەکە دژی داهێنەران، چونکە پایەکانی مۆدێرنیتی لەسەر سڕینەوەی ئەویتر درووست بووە، بۆیە زۆر سەیر وێنەی ئەشکەنجەدانی خۆی لەنامەیەکدا بۆ بیکاسۆ دەنووسێت "بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی نەخۆشخانە دەروونییەکانی فەرەنساش دەستیان لە ئازاردانم هەڵنەگرت، تەمەنم پەنجا ساڵە، دانیشتووی (ئیڤەری) م پێنج ساڵی تەمەنم لە گرتووخانەدا بردەسەر، ئەمە سەرباری بەدخۆراکی و برسییەتی و لە بەرکردنی کراسی تایبەت بە شێت، ماوەی پێنچ مانگیش بەردەوام لە رێی ترشی (حامز) ی سەنادیر و سیانۆری پۆتاسیۆم ژەهراوی دەکرام، پاشان دوو ساڵی

درووست لە (ڕۆدز) لە کارەبا دەدرام، نزیکەی پەنجا جار لە هۆش خۆم چووم، پشتیشم دووجار بە چەقۆ پێکراوە، هەروەهاشوینەواری ئەو کوتەکە ئاسنینەی پێوە ماوە کە لە ساڵی 1937 لە شاری دبلن لێیاندام و بڕبڕەی پشتیان دوو لەت کردم، دەمەوێ بڵێم لەم بارودۆخەدا پەلکێشکردنی جەستەی خۆم ئاسان نییە" (5) ئەوە لەکاتێکدا دوا ساڵەکانی تەمەنی وای لێ دێت، ترس لەو ئەشکەنجەیە بگۆڕێت بۆ بێدەنگی، ئارتۆ هەست بە زەبروزەنگی کۆمەڵگا دەکات، بۆیە خۆکوشتن بەلایەوە پڕۆسەیەک نیە خود پێی هەڵبستێت، بەڵکو ئەوە کۆمەڵگایە وادەکات خۆکوشتن بێتە پێشەوە، ئەو کە لە کۆتایی ڕۆژەکانی تەمەنیدا دەگاتە ئەوەی ڤان کوخ بە برای ڕاستەقینەی خۆی بزانێت، ئەوەش لەو باوەڕەوە هات کە "ڤان کوخ خۆی نەکوشت، بەڵکو کۆمەڵگا کوشتی، شێت نەبوو، بەڵکو کۆمەڵ شێتی کرد، کۆمەڵگا بەزەیی بەو کەسانەدا نایەتەوە کە بەجێی دەهێڵن و ڕەتی دەکەنەوە و بەجۆرێک سزایان دەدات کە دووچاری گۆشەگیریی دەبن و بەڕاستی شێت دەبن و دواجاریش بەویستی خۆیان دەمرن" (6) ئارتۆ ئەگەر بەدوای مردنی ڕۆڵی کاریگەر و مەزنی لە نەخشەی شانۆی ئەزموونگەری دەربکەوێت، بەوەی بووە زەمینەیەکی تیۆری بۆ ئەزموونەکانی دوای خۆی (7) بەڵام ئارتۆ لەڕێگەی تیۆرەکانیەوە توانی زانستێکی شانۆیی نوێ بێنێتە کایەوە کە (ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆ ) (8) بوو. ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆ خولقاندنی تیۆر و میتۆدێکی جیاوازی کارکردنە، گەڕانە لەناو ڕووبەرێکی ئاشکرا نەکراو، نووسینەوەی شانۆیە لەناو میتۆدێکی زانستی، ئەوە بەریەککەوتنی نێوان شانۆ و زانستە.

زانستێکی مرۆیی لەناو شانۆدا وا دەکات ڕوانینێکی هاودژ بەرهەم بێنێت کە هەڵگری پرسیاری فەلسەفی بێت، پرسیار لە شێوەی ووتراوی نێو زمان خۆی بەرهەم ناهێنێت، بەڵکو پرسیار بەرەنجامی گەڕانەوەیە بۆ ناو سرووتی خێڵە بەراییەکان، ئارتۆ یەکەم بنەما تیۆریەکانی تیا خوڵقاند، بۆیە شانۆکەی بە شانۆیەکی ڕەخنەیی لە دژی شانۆی تازەگەری دەرکەوت، ئەوە سەرەتایەک بوو بۆ دەرکەوتنی شانۆیەک بە دژی تازەگەری، بە واتایەکیتر ئەوە لە دایکبوونی شانۆی پاش تازەگەری بوو (9) گەر تازەگەری دەیویست لەڕێگەی دەیالۆگەوە خۆی بەرەو پێش بەرێت و تەکنەلۆژیا هۆکاری سەرکەوتنی بێت، ئارتۆ هات شانۆی گەڕاندەوە بۆ سرووتی خێڵ و کۆمەڵگاکان، بەتایبەت بۆ سرووتی کۆمەڵگا خۆرهەڵاتیەکان، هەر بەوەندەش نەوەستا بگەڕێتەوە بۆ ناو ڕابردوو، بەڵکو تاڕادەیەکی زۆر خۆر ئاوای بەجێهێشت و سرووتە خۆرهەڵاتیەکانی کرد بە گۆڕەپانی ئەزموونی شانۆیی، ئەو کاتانەی بەرەو کولتوری خۆر ئاواش بگەڕابایەوە، بۆ ڕابردوویەکی کۆن دەگەڕایەوە، ڕابردوویەک کە هێشتا تازەگەری سیما و خەسڵەتە کولتوریەکانی لێ نەسەندبۆوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی تازەگەری خۆر ئاوایی کەمتر توانیبووی کاریگەری بەسەر خۆر هەڵات بەجێبێڵێت، بۆیە زیاتر بەرەو کولتوری خۆر هەڵاتی گەڕاوەتەوە، گەڕانەوە بۆ کولتوری خۆر هەڵات خوڵقاندن و بنیاتنانی ڕووبەرێکی نوێ و جیاوازی ئەزموونی شانۆیی بووە، ئەزموونێک کە بە شانۆی توند و تیژی ناوی دەرکرد، کە مەبەستی توند و تیژیی نواندن نیە بۆ جەستە، بەڵکو بڕوای وایە کە ئەو شانۆیە ژیانە، بۆ ئەوەش دەڵێت "هونەر

لاسایکردنەوەی ژیان نیە، بەڵکو ژیان بۆخۆی لاسایکردنەوەیە" (10) بۆیە ئەو ژیانە نوێیەی لەڕێگەی توند و تیژیەوە بنیات دەنرێت ئەوە دنیای هاتنەدی تیایدا سرووت پرۆسەی پاکبوونەوەی رۆحی تیا ئەنجام دەدات، بەهۆی ئەوەی شانۆی توند و تیژی ڕەهەندێکی فراوانی بۆ مرۆڤە، ئەوە وای کردووە ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆی تیا بێتە بوون، ئەنترۆپۆلۆژیا لە توێژینەوە لە بارەی مرۆڤەوە پەڕیەوە بۆ گەڕانی مرۆڤ لە نێوان ژیان و مردن، ئەو ژیانەش بریتیە لە مرۆڤ، ئەو مرۆڤەی کە توانای خوڵقاندنی شانۆی هەیە، ئەوەش مانای وا نیە کە مرۆڤ لە شانۆدا لاسایی ژیان دەکاتەوە، وەک خۆی ئاماژە بۆ لاسایی کردنەوەی ژیان خۆی دەکات، بۆیە شانۆ بۆ خۆی بریتیە لە ژیان، بەڵام ژیانێک بە تەواوی جیاوازە لە ژیانی شانۆی کلاسیکی، کە لەسەر بنەما ئەرستۆییەکان هونەر بە لاسایکردنەوەی ژیان سەیر دەکرا، ئارتۆ بەهەموو شێوەیەک ڕەفزی ئەوە دەکاتەوە، بەهۆی ئەوەی ژیان هەمیشە لەناو لاسایکردنەوە نوقمە، بۆیە شانۆ بۆ ئارتۆ پرسیارکردن و دارشتنەوەی تەواوی مانا باوەکانە بۆ تێگەیشتنی بەرایی لە شانۆ، لە دایکبوونی پرۆسەی خوڵقاندن و هاتنە ئارای پرۆسەی جیاواز بوونە، کە داوای ئەوە دەکات شانۆ لە دەق دوور بخرێتەوە، ئەو دوور خستنەوەیە چەمکی موقەددەس لە دەق دەسڕێتەوە، سڕینەوە هەڵوەشاندنەوەی دەسەڵاتی گوتاری دەقە، کاتێ ئەو گوتارە ئامادە بوونی نەما دەکەوێتە نێو پرۆسەی جولە و فیکر، ئەوە بیرۆکەی سەرەکی ئەزموونی ئارتۆ بوو، بنیاتنانی زمانێکی نوێی شانۆیە، زمان سنوری ووشە دەبڕێت، لە

پانتایی بنیات دەنرێتەوە، بارگاویکردنی زمانی مرۆڤی سەرەتاییە بۆ زمانێکی شانۆیی، بەڵام بارگاویکردن لەناو سیستمی دەلالی لەڕێگەی پەیوەندی کردن بە پانتایی و بە ماتریالە بینراوەکانەوە دەخوڵقێنرێت. ئەوەش بە مەبەستی پرۆسەی کەشفکردن و داڕشتنەوەی زمان و ئیستاتیکا بوو، چونکە دەیویست لەڕێگەی خوڵقاندنەوەی زمانی مرۆڤی سەرەتاییەوە لە کایەیەکی جوانکاریەوە بەرەو کایەیەکی کولتوری هەنگاو بنێت. (11) ئەنتروپۆلۆژیا پەیوەندی نێوان شانۆ و هۆڵ بە تەنیا ناگۆڕێتە سەر پرۆسەیەکی هاوبەشی نمایش، بەڵکو ئەو پرۆسەیە ئامادە بوونی پەیوەندی ئەنتروپۆلۆژی نێوان ئەکتەر و بینەرە لەسەر بنەمای ئاشکرا کردن لەنێو سرووتدا، بەوەی هەریەک لە ئەکتەر و بینەر بەدوای ئاشکرا کردنی خۆی دەگەڕێت، بە تایبەت بۆ ئەکتەر کە بەشدارێکی ڕاستەوخۆی ناو سرووتە، بینەریش لەناو ئەو سرووتەدا بەتەنیا بە دوای ئاشکرا بوونی خودی خۆی ناگەڕێت، هێندەی مەبەستی گەیشتنە بە میتا ئاشکرا بوون، بۆ ئەوەی جیهانێکیتر بۆ بوونی خۆی بدۆزێتەوە، ئەوەش ئەو تاعونەیە کە ئارتۆ وەک ستراتیژی شانۆکەی لەو پەیوەندیە ئەنتروپۆلۆژیە بەرهەمی دێنێت، چونکە بینەر بەدوای پاکبوونەوەی لەو تاعونە، کە ڕزگار بوون لەو تاعونە کاری شانۆیە، بەدوای ڕزگار بوونی بینەر دەیەوێت لە بوونی میتافیزیکی خۆی دەرچێت و بوونێکی نوێ بدۆزێتەوە، ئەوەش زیاتر لە بیرۆکەی (مرۆڤی باڵا) ی نیتچە نزیکمان دەکاتەوە، ئەو نزیک بوونەوەیە بە تەنیا گریمانەیەکی نێو تێگەیشتنی ئێمە نیە، کە شیاوی گومان کردنی ڕووکەشانە بێت، بەڵکو تێگەیشتنێکی

فەلسەفیشە، چونکە لەزۆر ڕووەوە ئەو کاریگەریە فەلسەفیەی نیتچە بەسەر تێڕوانینی شانۆیی ئارتۆ دەرکەوتووە، ئەگەر تازەگەری پایەکانی خۆی لەسەر عەقڵ دامەزراند و نیتچەش بە یەکەم ڕەخنەگر لە تازەگەری دەرکەوتبێت، بەوەی چۆن پرۆژە گومان کاریەکەی دیکارت "من بیر دەکەمەوە، کەواتە هەم" بە بنەمای تازەگەری خۆر ئاوایی دادەنرێت، ئەوەی عەقڵ خاوەنی بێت تازەگەریە و ئەوەی تازەگەریش بێت بەرهەمی عەقڵە، ئاواش ڕەخنەی نیتچە لە عەقڵانیەتی خۆر ئاوایی بە سەرەتای ڕەخنەگرتن لە تازەگەری دادەنرێت.

وەک چۆن ئەوەش لای ئارتۆ دەیبینین کە کارکردن و پرۆژە ئەزموونکاریەکەی یەکەم ڕەخنەی تیۆری و پراکتیکی شانۆیە لەدژی تازەگەری شانۆیی، بە مانای هەر یەکە لە ئارتۆ و نیتچە بە خاوەنی بنەما تیۆریەکانی ڕەخنەگرتن لە تازەگەری دادەنرێن، ئەو بنەمایە وای کردووە ئارتۆ زۆر کاریگەری نیتچەی بەسەرەوە بێت، بەهۆی ئەوەی (مرۆڤی باڵا) ی نیتچە چەمکێکە لەپشت تێگەیشتنە ئەزموونکاریەکەی وەستاوە، ئەوەیان چۆن؟ ئەگەر ئارتۆ لە شانۆکەیدا لەڕێگەی سرووتەوە مەبەستی تەقاندنەوەی ئەو تاعونەی ناخی ئەکتەر و بینەر بێت، بینەر لەو پرۆسەی پاکبوونەوەیە بەدوای بوونێکیتر بگەڕێت بۆخۆی، ئەو بوونە خەون بینینە بە جەستەیەکی بەرهەم نەهاتوو گەڕانە بەدوای بوونێکی نوێ کە نیتچە ناوی ناوە مرۆڤی باڵا، ئەو مرۆڤە لای هەردووکیان پەیوەستە بە مردنی میتافیزیکیاوە، دیارە ئەو مردنە کە نیتچە خستیە ڕوو چەمکێکی فراوانی هەیە تەنیا وابەستە نیە بە مردنی یەزدان بەڵکو "مردنی ئەوانەشە کە پەیوەست و پاشکۆی

ئەو بوونەن، بۆیە ئەوە مەسیح نیە بە تەنیا دەمرێ، بەڵکو کلێسا و مرۆڤیش بەشدارن لەو مردنە، بە مردنی مرۆڤ پێشنیاری مرۆڤی باڵای خستە ڕوو، چونکە عەقڵ ئەو پەرستگایە بوو کە لە هەڵوەشاندنەوەی دەبێت ڕەخنەگرتن لە عەقڵ ببێ بە پەرستگای نوێ کە ئەو قەدەر و پێشهاتانەی پەرستگا کۆنەکان دەیانبردەوە ئاسمان، ئەوا لە هاتنی مرۆڤی باڵا، ئەو مرۆڤە بۆخۆی دەبێ چارەنووس و قەدەری خۆی دیاری بکات" (12) بەڵام دەروازەی فیکری نیتچە وابەستەیە بە مردنی یەزدانەوە، وەک چۆن ئەوەش دەروازەی شانۆکەی ئارتۆیە بەهۆی ئەوەی "شانۆی توند و تیژی یەزدانی لە شانۆ کردۆتە دەرەوە" (13) لەلای ئارتۆ پاککردنەوەی شانۆ لە میتافیزیکیا سەرەتای ڕاستەقینەی لە دایکبوونی شانۆیە، ئەو پێکگەیشتنەی نێوان نیتچە و ئارتۆ بەرەنجامی ئیشکردنەوەیە لەسەر چەمک و بنەمای تیۆری، ئەگەر لای جیل دۆلۆزی ناسراو بە فەیلەسوفی نەوەی نیتچە پرسیاری فەلسەفە چیە؟ بریتی بێت لە فەلسەفە خوڵقاندنەوەی چەمکە، ئەوا دەبێت بڵێین چەمکە نیتچەییەکان سەر لەنوێ لەناو شانۆ بە مانا و دەلالەتی نوێ دەخوێنرێنەوە، ئەگەرچی چەمکەکان لە ڕووی پرۆسەی ناونانیش گۆڕانیان بەسەردا بێت، بەڵام لە کرۆکدا چەمکی نیتچەیین، بۆیە چەمکی (توند و تیژی) ئارتۆ نە بەتەنیا شانۆیەکی خاڵیە لە تێگەیشتنی فەلسەفی، وە نە چەمکێکی فکری و ئەنترۆپۆلۆژی ڕووتە، بەڵکو ئەو چەمکە زیاتر لە چەمکی (هێز) ی نیتچە وە نزیکە، کە هێز مەعریفە بەرهەم دێنێت، کە لای میشێل فۆکۆ چەمکی هێز دەگۆڕێت بە دەسەڵات، ئەوە دەسەڵاتە مەعریفە بەرهەم دێنێت، بەڵام ئەو مەعریفەیە

لای ئارتۆ چۆن بەرهەم دێت؟ ئارتۆ لەسەر چەمکی مەعریفە ناوەستێت هێندەی ئەوە توندو تیژیە شانۆ بنیات دەنێت، بەمانای مەعریفەکە شانۆیە، بۆیە ئەو کاتەی دەڵێت نە شانۆ بوونی هەیە و نە سەما ئەوە بۆ نەبوونی ئەو توندوتیژیە دەگەڕێتەوە، لێرەدا نەبوونی شانۆو بوونی لە ڕێگەی توند و تیژیەوە ئەو بوونە وابەستەیە بە مەعریفە (شانۆ) وە. ئامادە بوونی فرە جەستەیی لەناو سرووتدا وێنەیەکی ئەنترۆپۆلۆژیە، لە شانۆدا وەزیفەکەی لەڕێگەی فرە جەستەیی ئەکتەر لەناو سرووت دەردەکەوێت، لەو سرووتەدا جەستە بە تەنیا نوێنەرایەتی ڕەگەزەکەی خۆی ناکات، هێندەی جەستەیەکە هەڵگری هەردوو ڕەگەزەکەیە، جەستە.. جەستەیەکی نێرە مووکە، جەستەیەکە لەناو زەمەنی غەیبانیدا دەژی، سنورێکی نیە بۆ دونیای حەرام، جەستە لەناو سرووت جەستەیەکی حەرامکراو نیە، جەستەیەکە لەڕێگەی جولە کردن خۆی ئازاد دەکات "دەتوانێت بەرەنگاری ترس بێتەوە، لەگەڵ غەیبانیەت بچێتەوە ناو پەیوەندیەوە" (14) ئەوەش بە مەبەستی گەیشتنە بە ڕەگ و ڕیشە کولتوریەکان، کە دەبێتە کەنالی نێوان حەقیقەت و پێچەوانەکەی، بۆیە ئەو جەستەیە سنوری ڕەگەزی خۆی بەجێ هێشتووە، ئەنترۆپۆلۆژیا لەو ڕێگەیەوە پرسیارەکانی خۆی لە بارەی جەستەی مرۆیی دەگوازێتەوە بۆ پرسیار لە جەستەی ئەکتەر، جەستەی ئەکتەر دەبێت بە جەستەی کولتوری، جەستەیەکە هەڵگری تەواوی ئەو کولتورەیە "کولتور نووسراو نیە، وەک ئەفلاتون دەڵێت (فکر لەو ڕۆژەوە لە دەستدرا کە یەکەم ووشەی نووسرایەوە) ئەگەر نووسیمان، مانای فیکر قەدەغە دەکەین لە جولە کردن لەناو فۆڕمەکان، بەو پێیەی

هەناسە دانێکی فراوانە" (15) شانۆ بۆ ئارتۆ هەمان وەزیفەی هەیە، شانۆ بەلایەوە نووسراو نیە و وەک کولتور دەخولڵقێنرێت. پڕۆسەی خولڵقاندن لەناو ریتوالدا ساتەوەختی ئامادە بوونی جەستەیە لە زەمەنی غەیبانی و دابڕانیەتی لە زەمەنی دەرەوەی سرووت، ئەوەش ئیشکردنەوەیەتی لەسەر چەمکی سرووت، خولڵقاندنی پەیوەندی جەستەکان بە یەکتریەوە، لە جەستەی تاکەوە بۆ جەستەی کۆ، لە جەستەی کۆ وە بۆ جەستەی تاک، لە جەستەی نێرەوە بۆ جەستەی مێ، لە جەستەی مێینە شەوە بۆ جەستەی نێر، هەموو ئەو پەیوەندیە جەستەییانە ئامادە بوونی گوتاری ئەنترۆپۆلۆژی شانۆیە لەناو چەمکی سرووت لە رێگەی جەستەی ئەکتەرەوە چڕ دەکرێنەوە،(16) مانای جیاواز و نوێ دەبەخشن، مانایەک پەیوەستە بە شانۆ وەک پرۆسەیەکی ئیبداعی و زانستی، ئەوەش گۆڕینی شانۆیە لە نووسینەوە بۆ خولڵقاندن.

پەراوێز و سەرچاوەکان

(1) البيان الاول/ انطوان ارطو، نظرية المسرح الحديث، تقديم و تحرير: اريک بينتلي، ترجمة: يوسف عبد المسيح ثروت، دار الشؤون (بغداد) الطبعة الثانية 1986، ص47

(2) شانۆی توند و تیژی لەنێوان تیئۆر و پراکتیکدا/ دانا رەئوف، ئەمینداریەتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان، 1988، لا40

(3) ئانتوانین ئاڕتۆ و شانۆی توند و تیژی/ جەلال ستاری، وەرگێڕانی (پێشڕەو حوسێن) زنجیرەی کتێبی گیرفانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، 2002/ لا13

(4) بۆ سیناریۆی ئەو ئەزموونە بگەڕێوە بۆ: نظرية المسرح الحديث/اريک بنتلي، ترجمة: يوسف عبدالمسيح ثروت، دار

الشؤون الثقافية بغداد، الطبعة الثانية 1986، ص68-62
(5) له ئارِتۆ وه بۆ بیكاسۆ.. شانۆكار ژماره 3
(6) ئانتوانین ئارِتۆ و شانۆی توند و تیژی/ جەلال ستاری، وەرگێرِانی (پێشرِەو حوسێن) زنجیرەی كتێبی گیرفانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، 2002/ لا70
(7) ئەو كاریگەریە رِاستەوخۆ بەسەر ئەزموونی شانۆی زیندووی جۆلیان بیک و جۆدیت مالینا دەردەكەوێت، هەروەها كردنەوەی لابۆرەكەی پیتەر بروک لەبارەی ئەزموونەكانی ئارِتۆ، بروكی گەیاندە دەرەنجامی ئەزموونكاری دەوڵەمەند، ئەوە جگە لەو كاریگەریە لەسەر گرۆتۆفسكی.
(8) ئەگەر ئارِتۆ بەتەنیا بنەما تیۆریەكانی ئەو زانستەی خوڵقاند، ئەوا لای یۆژینۆ باربا بەتەواوی گەشەی پێ دەدرێت و وەک میتۆدێكی ئەزموونگەری له شانۆ دەردەكەوێت، ئێمە بۆ ژمارەی ئاینده هەوڵ دەدەین لەسەر ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆیی لای بارباتێگەیشتنێكی تیۆری قووڵ بخەینه رِوو.
(9) ئێمه لێكۆڵینەوەیەكی فراوانمان هەیه لەسەر شانۆی پاش تازەگەری بۆیه لێرەدا لەسەری ناوەستین، بۆ شارەزا بوون لەو شانۆیه برِوانه: شانۆی پاش تازەگەری/ نیهاد جامی، شانۆكار، ژماره (1) لاپەرەكانی (108-78)
(10) الكتابة والاختلاف/ جاک دریدا، ترجمة (كاظم جهاد) دار توبقال للنشر، الطبعة الاولی 1988، ص78
(11) مۆنیک بوری له توێژینەوەكەیدا له بارەی شانۆی ئارتۆ و گەرِانەوه بەرەو رِەگ و رِیشەی شانۆكەی، ئاماژه بۆ ئەوه دەكات كه شانۆی ئارتۆ له شانۆ وه بەرەو ئەنترۆپۆلۆژیاوه

ڕۆیشتووه، که ئه‌وه‌ش ده‌گه‌یه‌نێته ئه‌و بۆچوونه‌ی که کولتور به‌ڕاده‌یه‌ک ئاماده بوونی هه‌یه تاوه‌کو شانۆ له ئیستاتیکاوه به‌ره‌و کاییه‌کی کولتوری ده‌بردرێت.

(12) ره‌خنه‌گرتن له مۆدێرنیتی/نیهاد جامی، سه‌نته‌ری ڕوناکبیری هه‌تاو، (لێکۆلینه‌وه‌ی فه‌لسه‌فی) ژماره(14) کوردستان 2006، لاپه‌ڕه 95

(13) الكتابة والاختلاف/ جاك دريدا، ترجمة (كاظم جهاد) دار توبقال للنشر، الطبعة الاولى 1988، ص 79

(14) ارتو والبحث عن ينابيع المسرح/ مونيك بورى، ترجمة (عبدالمجيد شكير) مجلة نزوى، من موقع (www.nizwa.com)

(15) المسرح و الالهة/ انطوان ارطو، ترجمة (سعيد كريمي) فكر و نقد، العدد34

(16) کچه شانۆکاری کورد (نیگار حه‌سیب قه‌ره‌داغی) تاکه شانۆکارێکی کورده که کاری له‌سه‌ر ئه‌و بابه‌ته کردبێت، ئه‌ویش له‌ڕێگه‌ی نامه‌ی ماسته‌ره‌که‌ی و دکتۆراکه‌ی، که نامه‌ی ماسته‌ره‌که‌ی له ژێر ناوی (جه‌سته‌ی ئاماده له پانتایی و زه‌مه‌ندا- تێڕوانینێکی نا ئه‌ورووپیانه بۆ کاری پێر فۆرمێر) هه‌روه‌ها دکتۆراکه‌ی له بواری توێژینه‌وه‌ی زانسته‌کانی شانۆ و کولتوری ئه‌نترۆپۆلۆژیدا وه‌ده‌ست هێناوه له‌ژێر ناونیشانی (شانۆ و پێر فۆڕمانسی ریتوالی) له‌ژێر کاریگه‌ری ئه‌و دوو هه‌وڵه، که چه‌ند له شانۆی ئه‌مرۆدا ئه‌نترۆپۆلۆژیای شانۆ بابه‌تێکی گرنگه، به تایبه‌ت له باره‌ی چه‌مکی سرووت و ئاماده بوونی ئه‌نترۆپۆلۆژیای شانۆ له تێڕوانینی ئارتۆ ئێمه له تیپی شانۆی ئه‌زمونگه‌ری که‌رکوک، له شوبات و ئاداری 2007 له قه‌ڵای که‌رکوک دوو ئه‌زموونی

پراکتیکیمان لەم بوارە ئەنجامداوە، ئەوانیش هەردوو ئەزموونی (سەگ و دەف) و (زولێخا لە خەونی یوسفدا) بوو، ئەو دوو ئەزموونە لەسەر بنەما تیۆریەکانی شانۆی توند و تیژی و ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆ بوو، کە ئەو دوو ئەزموونە ناونرا بوون (پرۆژەی یەکەم و دووەم بۆ شانۆی توند و تیژی) هەوڵێک بوو بۆ ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆ، لەڕێگەی بەرجەستەکردنی تیۆر و دواتر بنیاتنانی دوو ئەزموونی شانۆیی وەک دوو پرۆژە بۆ شانۆی توند و تیژیی، کە دەکرێ وەک سەرەتایەکی زانستی بۆ ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆ سەیر بکرێت، سەرەتایەک توانای ئەوەی هەیە پرۆژەی مەزن و فراوان بۆ داهاتوو ئەنجام بدات.

# ئاڕتۆ و گەڕان بەدوای بنەڕەتیەکانی شانۆ

**مونیك بوری**

"ئەو شۆڕشەی کە خوازیارە بە زووترین کات بگاتە ئەنجام تا ڕادەیەک زەمەن بەرەو دووا ئەگەڕێنێتەوە" ئاڕتۆ

گەڕان و بەدواداچوونی ئاڕتۆ لە ڕابردوودا بۆ ئەو مەبەستە بوو کە شانۆ بتوانێت ڕەهەندی یەکەم خۆی بگەڕێنێتەوە، بەبڕوای ئەو گەڕانەوە بۆ ڕابردوو تاک ڕێگایە کە بتوانێت شانۆ بە زیندوێتی بهێڵێتەوە، هەر وەک بڵێی شانۆ و بنەڕەتیەکان لێک جودا نابنەوە. پێموایە پرۆژەکەی (ئاڕتۆ) لە میانی (ئەنترۆپۆلۆژیا) وە هەنگاوێکی گرنگە بۆ تەقاندنەوەی توانا کولتوریەکەی کە دەرەنجام شانۆ دەکاتە بوارێکی گرنگ بۆ گەڕان بە دوای بنەڕەتیەکان.

لە شانۆوە بەرەو ئەنترۆپۆلۆژیا:

دیارە منیش وەک هاوەڵانی خۆم ئەوەی کە هانی دام لە شانۆوە ڕوو بکەمە ئەنترۆپۆلۆژیا، پاشان لە شانۆی هاوچەرخەوە بەرەو شیکردنەوەی تێکستەکانی ئارتۆ هەنگاو بنێم، ئەزموونە مەزنەکانی ساڵانی شەستەکان بوو، نمونەش ئەزموونەکانی (گرۆتۆفسکی و باربا و پیتەر بروک و شانۆی زیندوو) ە، سەبارەت بەو ئەزموونانە بروک ئەڵێت "پێدەچێت هەوڵ درابێت بۆ دۆزینەوەی بنەڕەتیەکانی شانۆ و پێشنیاز کردنی شێوازێکی نوێ بۆ (سروتە ڕاستەقینەکان) مەسەلەکەش هەمیشە پەیوەندی بە گەڕانەوە بووە بۆ کولتورەکانی تر بەتایبەتی (کولتوری خۆرهەڵات) یان گەڕانەوە بۆ ڕابردوی کۆنی نەریتەکانی خۆرئاوا، وەڵامی ئەوەش گەڕانەوە بەدوای ئەو کولتورەی کە هێشتا لە ڕەگەکانەوە نزیکە، واتە ئەو میتۆلۆژیایە دەخاتە گەڕ، چۆن لە ڕووی ناوەڕۆک و مەرجەکانەوە لە پرۆسەی گەڕانەوە بۆ بنەڕەتیەکان تێدەگەین بەپێی ئەوەی پشت بە میتۆلۆژی ببەستیت؟

ئەی ئاخۆ ئەترۆپۆلۆژیا بابەتێک نیە بۆ خوێندنەوەی کولتورەکان کە تێیدا فکری میتۆلۆژی و پەیڕەوکردنی سروتەکان بنەمای ژیانی تاک و کۆمەڵ پێک دێنێت؟ نەک هەرئەمە، بەڵکو ئەنترۆپۆلۆژیستی هاوچەرخ لە ( لیڤی شتراوس) ەوە تا (بلاندی و کلاستیرس) لە ڕووبەڕوو بوونەوەیدا لەگەڵ کولتوری بەرامبەر بە گوێرەی ئەو وولاتانەی سەبارەت بە تەنگژەی کولتورەکەی دەخرێتە ڕوو خۆی دەستە وەستان دەبینێتەوە لە هەمبەر چاوەڕوانیکردنی ئەو وانانەی کە لە فکری میتۆلۆژیەوە سەرچاوەیان گرتووە، بەم جۆرە (ئەنترۆپۆلۆژیا) تەنها ئامرازەکانی لێکۆڵینەوەمان

پێنابەخشێت، بەڵکو لە کرۆکی گوتاری خۆیدا پەیوەندیەکی سەیر ئاشکرا ئەکات لەگەڵ داخوازیەکانی شانۆیەک کە نمەنەی کولتورێکی ونبوو لە خۆ دەگرێت. لەم ڕوانگەیەوە کە بریتیە لە بەکارهێنانی دوولایەنە (مزدوج) ی ئەنترۆپۆلۆژیا، ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە لە میانی وە بەرهێنانی بەردەوامی گەڕانەوە بۆ بنەڕەت و سەنتەر هەروەها لە میانی ڕۆچوون بۆ نێو یەکەی پێکهێنەری جەمسەری ئەزموونە باڵاکانی ساڵانی شەستەکان، سەر لەنوێ میتۆلوژیا و ریتوال دێنەوە نێو شانۆ.

ئەو دەمەی ئارتۆ دەبێتە کلیل:

ئاخۆ ڕێگاکە دروست بووە؟ ئەمە وچەندین پرسیاری تر لەبەر ڕوناکی ئەنترۆپۆلۆژیادا سەریهەڵداوە، لە میانی گەڕانەوەی ووزەی وون بووی هێماکانەوە بوارێکی فراوان دێتە کایەوە کە جارێکی تر بایەخ بە ناساندنی زمانی شانۆ ئەدات، مەسەلەی ئەکتیڤ بوون ووزەی هێماکان لە شانۆدا، لەکرۆکی ئەزموونەکانی گرۆتۆفسکی و باربا و بروک و شانۆی زیندوودا ئامادەگی هەیە، کە پێشتر ئارتۆ لە ڕەگەوە کاری لە سەر کردووە، بۆیە گەر مەسەلەی گەڕانەوەی ئارتۆ بۆ بنەڕەتیەکان لەپێناو تێفکرین بێت لە شانۆی هاوچەرخ هاوکات هەڵێکە بۆ بە دەست هێنانی زمانە سەرەتاییەکان. دۆزینەوەی بنەڕەتیەکان لای ئارتۆ ئەنجام بدرێت و گوێ لە ووتارەکانی بگیرێت، ئارتۆ لە کاتی پێشنیاز کردنی ستاتیکایەکی شانۆیی کە لەسەر بنەمای لاسایکاری (محاکات) و لە ژێرناوی گەڕانەوە بو ئەنجام دان و پەیڕەو کردنی دێرین و کارای هێماکان هەنگاوی دووری ناوە. تێکەڵ کردنی زمانێکی ڕەسەن زیندوویەتیەکە و لە ڕێی شانۆوە(حەقیقەت)

دەخولقێنێت، هەروەک دەست لە خواستنی کولتورێکی دیکە هەڵ ناگرێت، کولتورێکی تر کە خۆرهەڵات پێکدێنێت، دیارە کە (مەکسیک) یش باشترین نمونەیە،چونکە ئارتۆ بۆچوونێکی تەواوی لە بارەیەوە هەبوو، چالاکی دەست نیشان کراوی هێماکان کە ئارتۆ دەخوازێت لە شانۆدا بیدۆزێتەوە، بیرکردنەوەیەکی جیاواز دەخوازێت، کە حەقیقەت و مرۆڤ، هەروەها پەیوەندی ئەم بەوی ترەوە دەچێتە ئەو خانەیەوە، هەڵبەتە ئەویش بەپێی شیکردنەوەی ئەنترۆپۆلۆژیا لە چوار چێوەی بیرکردنەوەیەکی ئەفسوناوی ئاینیەوە دێتە ئاراوە، لەسەر ئەم ئاستە لە نێوان خواستەکانی ئارتۆدا گونجانێکی تەواو هەیە، هەروەها تەواوی پرۆژەکەی سەنگ و واتای خۆی لەم پەیوەندیە ئاوەزگەرایی (عەقلانی) یەدا دەبینێتەوە کە ئەنترۆپۆلۆژیا ئەیخاتە ڕوو، بەپێی ئەنترۆپۆلۆژیا ئاوەزگەرایی کولتورەکانی هزری ئەفسوناوی-ئاینیی پشت بەلۆژیکێکی تر دەبەستێت، هەروەها جۆرێکی دیکەیە لە بیرکردنەوە و ڕێکخستنی ئەزموون، هەر لە چوار چێوەی ئەم لۆژیکەوە چالاکی سیمبولگەرایی سەر هەڵ ئەدات، بەم جۆرە ئەنترۆپۆلۆژیا دێت و بۆچوونەکەی ئارتۆ پشت ڕاست دەکاتەوە، جەخت دەکاتەوە لەسەر ڕەسەنایەتی پرۆژەکەی، لەڕاستیدا ئارتۆ توانی بە دروستی شانۆ لە ئیستاتیکاوە بەرەو کولتور ئاراستە بکات.

لە تیڕوانینێکی دیکەوە بۆ شانۆ

ئارتۆ پێیوایە شانۆ دەتوانێ لە میانی کولتوری خۆرئاواوە بگاتە لۆژیکی شیکاری و جوداکاری، نەک تەنها لە پێناو بەدیهێنانی جوانی وێنایەکی ئەفسوناوی جیهان، بەڵکو لەپێناو گۆڕینی

کولتور، ئارتۆ پێشنیازی تێڕوانینێکی دیاری کراو ئەکات بۆ شانۆیەک کە بتوانێ ببێتە خودان لۆژێک بەو چەشنەی بۆ خۆی بۆچوونێکی جیاوازی هەبێت بۆ جیهان، کارەکتەر و جەستەیەکی جودا لە خۆ بگرێت، گەر وەک ئارتۆ دەڵێت "ئەو شۆڕشەی خوازیارە بە زووترین کات بگاتە ئەنجام، تاڕادەیەک زەمەن بەرەو دوا وە دەگەڕێنێتەوە" ئەوە بەواتای بەرابیەکی نادیار نیە، بەڵکو ڕابوونی ڕاستەقینەی کولتورییە ڕابونێکە پشت بە نمونەگەلێکی بنەڕەتییەکانی ڕابردووی کولتوری خۆرئاوا دەبەستێت، ئارتۆ دوونمونە پێشنیازئەکات:

-1تراژیدیای کۆن و شانۆی ئەلیزابێسی، کە پشتیان بە حیکایەتە کۆنەکان بەستووە و توانای گۆڕینی ووزەکانیان هەبووە، هەروەها پەیوەندییان لەگەڵ پەنهانیدا (غیبی) بەستووە، لەگەڵ ئەوەشدا ئارتۆ پێی وایە ئەمانە نمونە گەلێک نین کە هەڵگری وەڵامی دروست بن تاکو بەتەواوی پشتیان پێ ببەسترێ.

-2گۆڕان بۆ سەر تاعون و کیمیا، کە زۆر بەهێزن ئەوی یەکەم وەک جەژنێکی هێزە پەنهانەکان دەچێتەوە سەر پەتا گەورەکان، ئەوی دووەمیش (کیمیا) دەچێتەوە سەر ئەم هێزە مەعریفە پەنهانە، کە خودان هێماکانە و نەریتەکانی خۆرئاوا لە میانیەوە دەگەنەوە بەیەکەی میتۆدەکانی سایکۆلۆژیا، بەڵام بە پشت بەستن بەنمونە مەزنەکانی کولتوری ئەوی تر، ئارتۆ بەتەواوی لەنێو لۆژیکی کولتووری ئەوی تر قاڵ بووەتەوە، کولتورێک کە لە توانای دایە شانۆیەک دابمەزرێنێت و ببێتە ئەفسوونێکی ئاشکرا، هەر لێرەوە ئەو کاتاگۆرییانە (المقولات) دێنە ئاراوە کە دەبنە مایەی ئەوەی ئەنترۆپۆلۆژیا بتوانێت قسە لەسەر هزری ئەفسوناوی-

ئاینی بکات. لای ئارتۆ گەڕانەوە بۆ بنەڕەتییەکان تێکشکاندنی ئەو لۆژیکەیە کەپشت بە فکرێکی تاک ڕەهەند دەبەستێت، وەک هێزێکی ئامادە لە نێو هێماکاندا هەروەک ئەوەی لە مرۆڤدا هەیە، جیاوازی لە نێوان ئاستەکانی حەقیقەتدا نادۆزێتەوە، ئیدی چ لە مرۆڤدا بێت یا بێدەنگی  و مت بوون، یاخود گوزەرکردن لە بینراوەوە بەرەو پەنهانی. بە پێی گوتارەکەی ئارتۆ ئەنترۆپۆلۆژیا دەتوانێت شانۆیەک مسۆگەر بکات کە بە شێوەیەکی کەمتر کار لەسەر پێناسە کردنی کاتاگۆری ئیستاتیکی نوێ بکات، بەڵکو پێشنیازی ئەزموونێکی کولتوری جیاواز بکات هاوکات پردێک بێت جۆرێک لە کولتوری هاودژ. شانۆ لەسەر بنەمای یەکەیەکی سایکۆ فیزیکی و جەستەیەکی تەبا لەگەڵ جیهاندا دروست بووە کە سەر لەنوێ دەتوانێت تواناکان بجوڵێنێت و هێزەکان بخاتە گەڕ، بۆیە دەشێ دەرفەت بە ئەکتەر ببەخشێت بۆ دۆزینەوەی خودی خۆی، و ئاراستە کردنی وەرگر بەرەو جیهانێکی دیکەی کەینونی و چۆنیەتیەکی دیکەی ئامادەبوون لەلای خود و ئەوی تر تەنانەت لەلای جیهانیش. هەروەها لەم شانۆیەدا هەریەک لە ئەکتەر و وەرگر دەتوانن بگەن بە ئەزموونێکی جیاواز و دۆزینەوەی جەوهەری ناخ و کرۆکی شتەکان، پاشان کۆنترۆڵ کردنی هێز و تواناکان، ئەم ئاسۆیە تا ئەمرۆش لە پرۆژەکانی پیتەر بروکدا ئامادەگی هەیە، باربایش کە کار لەسەر کولتوری خۆرهەڵات دەکات لەلای خۆیەوە بەردەوامە لە گەڕانی خۆی بەدوای شانۆیەک کە پانتاییەک پێک بهێنێت بۆ جەستەیەکی ناوازە و خودان ووزە و ئامادەگی، بەڵام گرۆتۆفسکی کار لەسەر بیرۆکەی پێرفۆرمێر (فکرە الانحاز) دەکات کە ڕووداو

ئەنجام دەدات، ڕوداوێکە تێیدا جەستە و جەوهەر کاریگەرییان بەسەر یەکتردا دەبێت و دەگەڕێتەوە سەر شێوەی سەماکار و جەنگاوەر و گۆڕانە هایتیەکان (مەبەست لە دوورگەی هایتی) یە، ئاخۆ ئەم هەوڵانە ڕێگایەک نین بۆسەلماندنی توانای بەخشینی وێنایەکی دیکە و جیاواز بە جەستە؟

وێنایەکی دیکەی جەستە یان ئامادەگی پاگانیزم:

بەخشینی وێنای جیاواز بە جەستە هاوکاری ئەنترۆپۆلۆژیا دەکات بۆئەوەی دارشتنەوە بۆ لۆژیکی پاگانیزم تێڕوانینی جیاواز سەبارەت بە مرۆڤ ئەنجام بدات، کە خۆی پێشنیاری دەکات. (مارک ئۆجی) هەمیشە باس لە ئامادەگی پاگانیزم دەکات، ئامادەگییەک کە پێشتر بیرمەندی وەک نیتچە و باتای درکیان پێکردووە، دیارە ئارتۆش یەکێکە لەوانەی کە درکیان بەم حاڵەتە کردووە، هەروەها ئامادەگی لۆژیکی پاگانیزم پێکدێنێت بەتایبەتی لە ڕەهەندە ئەنترۆپۆلۆژیەکەیەوە تێڕوانینی مرۆڤ تێڕوانینێکی دیاریکراوە لە ڕووی چیەتی و پەیوەندیەکانی خۆی بەوەی ترەوە هەروەها پەیوەندی بە گەردوون و هێزە پەنهانیەکان کە هەندێ جار ناوی خواوەندەکانیان لێدەنرێت. بەم دوایە پرسیار لە بارەی جەستەی خواوەندەکانەوە ئاڕاستەی هەندێ لە ئەنترۆپۆلۆژیستەکان کرا، پرسیارەکەش بووە مایەی وروژاندنی مەسەلەی بەیەک گەیشتنی جەستە و خواوەند، پێوەری بوونی خواوەند بەندە بە جەستەی مرۆڤەوە، لە ڕوانگەی کولتورەکانی هزری ئەفسوناوی_ ئاینی یەوە ئاخۆ ئەنترۆپۆلۆژیا ناتوانێت دەرگا بەسەر کۆمەڵێک پرسیار لە بارەی جەستەی ئەکتەر لە شانۆدا واڵا بکات؟ ئەم جەستەیەی کە دەشێت بڵێین موڵکی

خواوەندەکانە، چونکە دووچاری پارادۆکسی (مفارقە) بینراو و پەنهان (المرئی و الغیبی) دەبێتەوە، ئەم جەستەیەش وەک جەستەیەکی پاگانیزم کە شێوازێکە بۆ تێکشکاندنی تخوبەکان جەستەیەکە و سەرەنجام دەبێتە هەناسەی ووزەیەکی مەزن و نورانی و شکۆدار، جەستەیەک کە ووزە لە خۆ دەگرێت و لە فۆرمێکدا قەتیس ناخوات، هیچ فۆڕمێکیش ناتوانێت پێوەرەکانی ووزەی ڕابگرێت، شانۆش پانتایی جەستەیەکە کە سنورەکانی تێک شکاندبێت، ئایا ئەمە خواستێکی جەوهەری ئاڕتۆ نییە؟ خواستی ئەویش (ئاڕتۆ) جەستەیەکی پڕ لە ووەز و هەمە جۆرە کەلە ڕێی هێزەکانەوە تاکایەتی خۆی دەبوێرێ، ئەکتەری ئاڕتۆیی لە توانایدایە ڕووبەڕووی ترس ببێتەوە و پەیوەندی لەگەڵ پەنهانیەکان ببەستێت و کۆنترۆڵی لێکچونەکان بکات و مرۆڤ بگەڕێنێتەوە نێو ئەو موگناتیسیەی کە ووزەی گەردوون لە لە خۆی کۆدەکاتەوە و بەڵکو لەوەش زیاتر،

ئەو  گەیەنەرەیە لە نێوان هاودژەکان ئاڕاستەکانی حەقیقەت ، دەمانباتەوە بۆ بنەڕەتییەکانی خودی سیستمی کولتووری.

ئەکتەری گەیەنەر و پاڵەوانی کولتوری:

بە پێی تێڕوانینی ئاڕتۆ ئەکتەر کە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ لە خۆ دەگرێت، هاوکات وەکو پاڵەوانی سیستمی کولتوری بەپێی شیکردنەوەی ئەنترۆپۆلۆژیا ئەرکی جیاوازی کردن و جیاوازی نەکردن دەگرێتە ئەستۆ، بۆیە ئەو پاڵەوانی کولتوریە کە جیاوازیەکان دەخات ڕوو (بەتایبەتی جیاوازی ڕەگەز) هەروەها هەمیشە لە ناخەوە پارێزگاری لە هێمای بنەڕەتی جیاوازی نەکردن دەکات، هەر خۆشی ئەفرێنەری سیستمێکە بۆ

جیاوازی نەکردن، کە لانی کەم پێشینەی یاسایەکی دابەشبوون دێنێتە ئاراوە کە ڕێخۆشکەر بێت لە بەردەم گوزەرکردن لە سروشتەوە بەرەوکولتوور. ئاخۆ لە جیاوازی کردن و نەکردن لە نێوان هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ هەمان ئەو گەمەیە نیە کە لە میانی تێڕوانینی ئارتۆ بۆ ئەکتەر بەدی دەکرێت؟دوور لەو تێڕوانینە باوەی کە پێی وایە شانۆ پانتاییەکە بۆ خۆ لێگۆڕین، هەڵخزان بەرەو نێوان هەردوو ڕەگەز (ئەکتەر و ئەوی تر)، ئەکتەری نێرەموک کە لە یەککاتدا جەستەی نێر و مێی هەیە، لە ڕاستیدا دەمانباتەوە بۆ ئەو تێڕوانینەی کە لەمەڕ ئەکتەری شانۆی سەرەتایی هەیە، هەر لێرەوە دەمانباتەوە بۆ خودی بنەڕەتییەکان لە پێناو پێکهێنانی کولتوری. پاڵەوانی کولتوری (گەر پشکێک لەو جیاوازی نەکردنەی تێدا بێت) لە خواوەندەوە سەرچاوە دەگرێت، بۆیە جیاوازی ئێفیکتیڤ (وجدانی) و جیا نەکردنی پەیوەندییان هەیە بە سروشت و خواوەندەکانەوە، ئەویش خەسڵەتی هاوبەشی نێوان (پاڵەوانی) و (خواوەندەکان) ە، کە تاکو ڕادەیەک لە پێناو بەرژەوەندی مرۆڤ جارێکی دیکە درووستی دەکاتەوە، بەخشینی تایبەتمەندی ئیلاهی- مرۆڤی باڵا بە ئەکتەری شانۆی توندوتیژی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو لۆژیکەی کە تێیدا ئەرکی (ئەکتەر) پاڵەوانێکی کولتوریە. ئەنترۆپۆلۆژیا پێیوایە پێگەی پاڵەوانی کولتوری ئەکەوێتە نێوان مرۆڤ و خواوەندەکانەوە، بۆیە زۆر جار لە ڕیتواڵدا دەمامک بەکار دێنێت، گەرچی لای ئەکتەری ئارتۆیی دەمامک بایەخی ئەوتۆی نییە، هەروەک هەمیشە بەتەنها هەڵگری هێما ئیلاهییەکان نییە. ئەکتەریش وەک پاڵەوانی کولتوری دامەزرێنەری بنەڕەتیەکانە و

ئەنجامدەری ئەو جووڵە سەرەتاییە، ئارتۆ دەڵێت "مرۆڤ ئازایانە دەبێتە گەورەی ئەو شتەی کە بوونی نییە و پاشان ئافەریدەی ئەکات" وەک بەرجەستەکاری کولتورێک ئەو فۆرمانەی تێدا بەکار دەهێنێت کە هێشتا شوێنەواری ئانارشی پێوە دیارە، بەم جۆرە دەبێتە سەنتەرێکی فۆرمالی و دەمانگەیەنێتە بنەما سەرەتاییەکانی لۆژیکی ئەفسانەیی- ریتوالی

.

وەرگێڕانی: کاردۆ

## ئارتۆ، کاتێک بلیمەتی بەسەر ڕووی ڕاستەقینەدا تێپەڕ ئەبێت

**سالمە الموشی**

ئارتۆ تێگەیشتنی تەواوی نەوەیەکی گۆڕی سەبارەت بە بوونی خۆیان و دەورو بەرەکەیان، بەڵی بلیمەتەکان شێوازی تێگەیشتنمان بۆ شتەکان دەگۆڕن. کاتێک دێینە سەر بلیمەتێکی وەک ئارتۆ ووشەکان لە بێدەنگیدا گەشە ئەکەن لە دەلاقەیەکی ڕووناکی ئەگەڕێن بۆ ئەوەی لە میانەیەوە بەرەو دوورتر لە سەربوودەیەکی شێتی هەنگاو بنێن. ئارتۆ هێندەی دووچاری ئازاری ژیان بووە کەمتر چێژی لە ناوبانگ دەرکردن بینیوە. مارتن ئیسلن لە کتێبەکەیدا (جەستەیەک جیهان تاقی دەکاتەوە) سەبارەت بە ئارتۆ دەڵێت " کەسایەتیەکی جیاواز و ئالۆز بوو

که دەسەڵات و کاریگەریەکی گەورەی هەبوو، یەکێکە لەو بلیمەتانەی ئیفێکتەکانی نەک بەتەنها لە میانەی دەسکەوت و داهێنانە ماتریالیەکانیەوە دێنە ئاراوە، بەلکو لە میانی پێگەی بوون و چەشتنی ئازارەوە سەرچاوە دەگرن" ئارتۆ موقەدەس و پێشبینی کار نەبووە، هێندەی ئەوەی کە (ئەو- الهو) ێکی بەربەری بوو، ئەو (ئەو)ە ئارتۆی لە مرۆڤێکی ئاسایی و پەراویز کەوتووەوە بەرەو مرۆڤێکی پەتی ئاراستە کرد، یان وەک لە بارەی خۆیەوە دەڵێت "جەستەیەکم جیهان تاقی دەکەمەوە و حەقیقەت ئەتفێنمەوە"، ئەوە ئارتۆی مرۆڤە دەیەوێت شێلگیرانە لەو یاسایانە دەرباز بێت، کە مرۆڤایەتی بە گرنگیان دەزانێت، ئارتۆ کاریگەری هیلینیستیەکان و کولتوری یۆنانی کۆنی بەسەرەوە بووە، کولتوری یۆنانی ڕەهەندێکی جیاوازی لە خەیاڵیدا دروست کرد بۆ بەیەکەوە گرێدانی تێڕوانینە ئاینی و میتافیزیکیەکانی. ئارتۆ لە ساڵی 1896 لە مەرسیلیا لە دایک بوو، وەک سوریالیزمێک ناوی دەرکرد، بەڵام هیچ گەڵالەیەکی فیکری ئەوتۆی نەبوو، بەردەوام بەدوای مرۆڤی منی باڵا دەگەڕا، وەک ئەوەی لای زەردەشتی (نیتچە) دا هەیە، مرۆڤی باڵا بەرامبەر بەو ئارتۆیەی کە جیهان تاقی دەکاتەوە دەرکەوت، سەرەنجام ئەو کەسێک بوو لە دایک بووی سەردەمی مرۆڤی لەو جۆرە بوو کە لە نەخۆشخانە دەروونییەکاندا دەست بەسەر دەکران. ئارتۆ بۆ نەوەی پاش خۆی هەمیشە جێی سەرسووڕمان بوو، بووە مایەی ئەوەی کە هەر کەسەو بۆ خودی خۆی بە دوای ڕاستیدا بگەڕێت و بگاتە هۆکاری دڕندە بوونی مرۆڤ  کە هەرگیز کۆتایی پێ نایات. دڵنیاییەکانی ئارتۆ کە دواتر بە شێوازی ئارتۆیی ناسران،

گەنجینەیەک فکری پەتی ڕووت و کۆدداری بەجێهێشت کە مەحاڵە پشت گوێ بخرێن، هەروەها مەحاڵە لە نێو پشێوی ژیانی ڕۆژانەدا بتوانین دەست نیشانی ئەوە بکەین کە تا چ ڕادەیەک کاریگەری هەیە بەسەرماندا و تا چ ئاستێکیش خەفەی ئەکەین. پێموایە ئەو چامانەی ئارتۆ نووسیونی بۆ گوزارشت کردن لە ئازارەکانی و ووروژاندنی پرسیارگەلێک بوونە، تێیدا واتای ململانێی بوونەوەری ڕوون کردۆتەوە لە پێناو بێدەنگ بوون بەرامبەر بە درێژایی ژیان، نووسینەوەی ئەو هەستێکی بە هێز و شۆڕشگێڕانە لەخۆ دەگرێت کە دژی شوێنکاتە، هەرەها تێیاندا هەست بە ساتی دەربازبوون دەکرێت لە پەراوێزەوە بەرەو ڕەهایی، ئارتۆ وەک فکریک ئاشنای سوریالیزم بوو، ئارەزووی پەیرەو کردنی ئەکرد، ساڵی 1925 بووە سەرنووسەری سێیەمین بڵاوکراوەی خولی شۆڕشی سوریالیزم، تێیدا ژمارەیەک بابەتی تایبەت بە هزری سوریالیزمی بلاوکردەوە، ئەو زیاتر لە شانۆدا دژی فەنابوون کاری ئەکرد و بە دوای سەکۆیەک دەگەڕا بۆ ئەنجامدانی کردار. شانۆی خوشویست و ئارەزووی دەکرد بە شێوازێکی تایبەت بە خۆی بیوروژێنێ، ئارتۆ سەربووردەیەکی دەوڵەمەندی بۆ خوێنەر بەجێهیشت، کۆمەڵێک ووتاری لە بارەی بلیمەتی شانۆی ئەڵمانیەوە نووسی، کتێبی (شانۆی نوێی ئەوروپا) ی بە چاپ گەیاند، چەند بەرهەمێکی دیکەشی وەک ( بریخت ڕەهایی خراپەکارییەکان) و (شانۆی ئەبسێرد) بڵاو کردەوە، پێیوابوو شانۆ باشترین شوێنە بۆ پەتیکردنی دەهری بوون و ئازاری مرۆڤایەتی ئاوێتە کردنی شانۆ و ژیان. بۆیە شانۆ بەشێکی زۆری ژیانی داگیر کرد، هەر بەو شێوازەی

خۆی وابەستەی ژیان بوو، لە بارەیەوە بابەتی ئەنووسی، لە قۆناغەکانی ژیانی هونەریدا چەند ڕۆڵێکی بەرجەستە کردووە، بەڵام لە ئاست خواستەکانیدا نەبووە بۆ گوزارشت کردن لە توڕەبوون و بیرکردنەوەکانی، پەیوەندی ئارتۆ لەگەڵ شانۆدا بە بینینی نمایشێکی شانۆی تایبەت بە دوورگەی (بالیێ) یەکەمین وەرچەرخانی بەسەردا هات، چونکە ئەو سەمایە هاوتای بیرکردنەوەی بوو لە بارەی شانۆیەک کەخەونەکانی بێنێتە دی سەبارەت بە نواندنی ڕووخسارگەری یان شانۆی ڕەنگ و ڕووناکی و جووڵەی ئەفسوناوی، بۆ ئەو وەرچەرخانێک بوو لە شانۆی (لۆڤەر) ەوە بەرەو شانۆی سەمای بالینیزی، پاشان بۆ شانۆی کۆمیدی ، پاشان بنەمای کتێبی (شانۆ و هاوتاکەی) دانا کە دواتر بووە ژێدەرێکی شانۆیی. ئارتۆ ویستی شانۆ ببێتە ئەفسونێک و ژێرپێی وەرگر بجوڵێنێت، تەکانیان پێبدات، پاشان توانا پەنهانیەکانیان ببزوێنێت بۆ تێگەیشتن لە جیهانێکی هەست پێنەکراو، بە بۆچوونی مارتن ئیسلن ئارتۆ دەیویست شانۆ ترسی (تاعون) لەسەر وەرگر بڕەوێنێتەوە. لە ڕاستیدا ئەو تەنها جەستەیەک نەبوو بۆ تاقیکردنەوەی جیهان، ناکرێت ئەو ڕوحەی کە لە کۆمەڵەی فراوانی مرۆڤ دابڕاوە لە جەستەی خۆی جیای بکەینەوە، ئارتۆ لە نێو ئەو جەستەیەدا ڕۆحێکی هەڵفڕیوی هەڵگرتبوو، تا ئاستی پەرت بوون ڕووەو ئاستی نەگەڕانەوە، لەو شوێنەشدا ئەنجامدانی شیکردنەوە بۆ ئەو جیهانەی کە ئەو تاقیدەکاتەوە دژوارە. ئارتۆ سەبارەت بە توانستە بینراوەکانی کێشەی ئەوەی هەبوو کە نەیدەتوانی تێڕوانینەکانی خۆی سەد دەر سەد بنووسێتەوە، زۆر جاریش بەرامبەر بەم حاڵەتە

دەستەوەسان دەمایەوە و دەیووت " دارِشتنەوەی بیرۆکەکانم بە شێوەیەکی خراپ دووچاری دەسەوەسان بوون و سەرگەردانی دەبم، بە هۆی نەهاتنە گۆی زمانمەوە هەست بە بۆشایی و کەم ئاوەزی دەکەم"، ئەمە یەکێک بوو لە کێشە گەورەکانی، هەروەک هزری ئارتۆی خستبووە ژێر زەبری پەرتبوونی خود لە نێوان ئەوەی وەک وێنە بە هزریدا گوزەری ئەکرد و ئەوەش کە نەیدەتوانی گوزارشتی لێبکات، ئەمەش لە ڕادە بەدەر ئارتۆی دەهری کردبوو، دانیشی بەوەدا نا کە تەواو ئاگای لە دەهریبوونی خۆی بووە، ئەو دەهریبوونەش بە تەنها دژی ئەو بۆرژوازیە نەبووە کە بایەخ بە کێشە و نەهامەتییەکان نادات، بەڵکو دژی سەر لەبەری سیستمە فکریەکە بوو، دژی تەواوی ئەو دۆخە کولتورییە بووە کە بۆتە مایەی ئەو جۆرە دەهری بوونە.

"ئەو دەمەی بیرۆکەی خراپم لا دروست بووە، بڕواناکەم بیرۆکەی من بێت، ڕاستەوخۆ هەوڵی ئاشکرا کردنی ئەو هۆشیاریە ئێکسپایەرە دەدەم کە کار دەکاتە سەر بیرۆکەکانم بۆ پیسکردنی من" گۆڕانەکانی ئەو تورِەبوونە بەهێزە.. کۆنترۆڵی ڕۆح و هزری ئارتۆیان کرد، وایلێهات تورِە بوونەکەی بە ڕێڕەوێکی درێژەوە بوودا و دژ بە دەسەوەسان بوونی خۆی لە ناوەوە ئاڕاستەی دەرەوە کرد، تورِە بوونێک بوو تاڕادەی هەست کردن بە ئازار. ئەو تورِەبوو دژی تەنگژەی بوون، دژی سستی و لاوازی جەستە، ئەو پرسیاری ئەوەی دەکرد ئاخۆ هۆکاری ئەو خراپەکاریە ڕەهایە لە بێتوانایی ئەو جەستەیە دایە؟ ئارتۆ دەیزانی ئەو تورِە بوونەی لە ناخیدایە لە خۆڕا نییە، کە دواتر بە گوێرەی ووتەی خۆی وەک ژەهرێکی مەجازی بۆ

چارەسەرکردنی لە خەوشی نەفامی جیهان لێی دەڕوانی.
ئاخۆ هزرێک لەسەر کاغەز نەنووسرابێتەوە تا چ ئەندازەیەک بوونی دەبێت؟ ڕەنگە تا ئەندازەی تێگەیشتن بێت لەو هزرە، بەڵام لای ئارتۆ بە ئەندازەی ڕەوانەکردنی بوو بۆ نەخۆشخانەی دەروونی، ئەی ئاخۆ ئارتۆ شێتێکی تەواو بوو؟ بەواتای ئەو گێلێتیەی کە هاوتای شێت بوونە. واتای شێتبوونی ڕاستەقینە چییە؟ ئارتۆ ئەم پرسیارەی ئاڕاستەی خۆی دەکرد و وەڵامەکەیشی چییەتی ڕەهەندی بلیمەتی شێتی بوو، شێت ئەو مرۆڤەیە کە شێتبوونی هەڵبژاردووە و ناپاکی لە بیرۆکەیەکی حاشا هەڵنەگر دەکات کە لە بارەی شەرەفی مرۆڤایەتیەوەیە، بۆیە کۆمەڵگا حوکمی لە ناو بردنی بەسەر تەواوی ئەو کەسانەدا سەپاند کە بۆ پاراستنی بوونی خۆی دژایەتیانی دەکرد.ئارتۆ سوکایەتی دەکرد بەو شێتییەی کە دەدرانە پاڵ ئەو بلیمەتانەی کە لە ئاسۆی کۆمەڵگەکانیاندا شوێنیان نەدەبۆوە، ئارتۆ هەمیشە دووپاتی دەکردەوە " پزیشکە دەروونییەکان سوورن لەسەر لەناوبردنی بلیمەتەکان" ئەمەی لەکاتێکدا ووت کە ناوی خرابووە نێو لیستی نەخۆشەکانی نەخۆشخانەی دەروونییەوە، ئەو پێی باشبوو لە نێو نەخۆشخانەدا بمێنێتەوە و ئانارشی کۆمەڵگا نەبینێت. ئارتۆ کاریگەریەکی زۆر سەیر و ئاڵۆزی لە بارەی مرۆڤایەتیەوە بە جێهێشت، ئەو کاتەی دەگەیشتە ئەوپەڕی دۆخەکانی خۆی، یا ئەو دەمەی لە بارەی تێپەڕ بوون بەسەر ڕووی تیژی ڕاستەقینەدا دەیویست گوتاری خۆی پێشکەش بکات. پێی وابوو بیرۆکەی بوونی ئەو هەڵگری تەواوی هەڵەکانی جیهانە، ئەمەش دووچاری ئێش و ئازارێکی زۆری کرد،

بڕوای وابوو ژیری و دانایی له ئازارچەشتن له تخوبه دووره دەستەکانیدایه " من تێدەفکرم ...بلیمەتی چییه؟" ، ئارتۆ کاتێک مندالّ بوو (ناناکۆی) یان پێدەووت واتا (نازدار) بەڵام خۆی ئەوه ڕەت دەکاتەوه که مندالّێکی نازدار بووبێت، پێیوابوو ئەو (ناناکۆ) یەی که نەیتوای له ساویلکەیی هۆشیاری مرۆڤ دەربازی بێت، نیشانەی شێتبوونێکی تەواوی پێی به خشیووه، (نیتچه) دەڵێت "با ئاگاداربین لەوەی که پێمانوابێت جیهان بوونەوەرێکی زیندوو بێت و پێویسته به چ ئاڕاستەیەکدا گەشه بکات" هەر بۆیه ئاڕتۆی به شێت له قەڵم دەدا.

وەرگێڕانی: شانۆکار

# له ئارتۆ وه بۆ بیکاسۆ

**ئەو نامانەی کە وەڵام نەدراونەتەوە**

دوای دەرچوونی لە نەخۆشخانەی دەروونی،ئارتۆ دیوانی (ئارتۆ لمۆمۆی) نووسی و لە سەرەتادا بۆ لە چاپدان و بڵاو کردنەوەی چەندین ئاستەنگی هاتە پێش، وەک ڕەت کردنەوەی دیوانەکەی لەلایەن (کلۆد گالیمار) ەوە کە لە نامەیەکیدا لە 29 ی ئۆکتۆبەری ساڵی 1946 ڕاشکاوانە لەچاپدانی دیوانەکەی ڕەتکردۆتەوە، بەڵام دواتر ئارتۆ لە ڕێگەی (بیرلویب) ەوە لەگەڵ خاوەنی چاپخانەیەکی دیکەدا ئاشنایەتی پەیدا دەکات، ئەویش (بیر بۆرداس) بوو، بۆرداس بۆ لە چاپدانی کتێبەکە ڕەزامەندی خۆی دەربڕی، بەڵام بەو مەرجەی کە ژمارەیەک تابلۆی بیکاسۆ لە دووتوێی دیوانەکەدا بڵاوبکرێنەوە، بۆ ئەو مەبەستە ئارتۆ چەند نامەیەکی بۆ بیکاسۆ نارد، بەڵام نامەکان بێوەڵام بوون تەنانەت ئارتۆ لە ماڵەکەی بیکاسۆدا کە دەکەوێتە سەر شەقامی(کرۆند ئۆگەستین) هیچ پێشوازییەکی لێنەکرا، بۆیە بڕیاریدا تابلۆکانی تایبەت بە بە دیوانەکەی خۆی بیانکێشێت. ئەم سێ نامەیەی کە لێرەدا بڵاوکراونەتەوە بەشێکن لە ئەرشیفی مۆزەخانەی بیکاسۆ لە پاریس.

ئازیزم بابلۆ بیکاسۆ

دوای گەڕانەوەم بۆ پاریس پێنج چامەم نووسی، لە پێناویاندا ئازارم چەشتووە، ڕۆژنامەی (لاری) ڕەزامەندی لەسەر بڵاوکرنەوەی دوو لەو چامانە دەربڕیبوو، بەڵام ئێستا دەزگای ڕۆژنامەکە لەکار کەوتووە، چامەکانی دیکەش لەلایەن گۆڤار و

ڕۆژنامەکانەوە ڕەتکراونەتەوە، هاوکات خاوەنی چاپخانەیەکم دۆزیوەتەوە ناوی (بیر بۆرداس) ە ئەو ڕازییە بە بڵاوکردنەوەیان مەبەستم بڵاوکردنەوەی هەر پێنچ چامەکەیە لە شێوەی نامیلکەیەکدا، بۆیە خوازیارم گەر ئارەزووت لێی بێت بە پێنچ یا شەش تابلۆ لە جۆری لۆتۆگراف یاخود کێشراو بە ئاوی زیو چامەکانم بڕازێنیتەوە، ئەمەش کارێکی زۆری دەوێت، بەڵام من چامەکانت بۆ دەنێرم، تۆ بابلۆ بیکاسۆ بۆ ئەوەی دوای خوێندنەوەیان بەلکو ویستت لە بارەیانەوە شتێک بڵێیت و دڵنیاش بیت لەوەی کە هەستم چۆنە بەرامبەر بە ئێوە.

ئاڕتۆ

هاوڕێی ئازیزم

پێنج چامەکەم گەیاندە ماڵەکەت بە ئامێری چاپکردن نووسراون، (بیر لویب) پێیووتی کە (بیر بۆرداس) ئارەزووی دەکرد کە دیوانەکە بە تیراژی (300) دانە لەسەر کاغەزی باش و گرانبەها بڵاو بڵاوبکاتەوە، هەروەها (1000) دانەی دیکەی لێ بڵاوبکاتەوە، بەڵام لەسەر کاغەزێکی سادە و هەرزان، لەسەر داوای من بوو بۆ ئەوەی کە خوێندکاران و گەنجان شاعیرانی کەم دەرامەتیش بتوانن بیخوێننەوە، نەک بە تەنها بکەوێتە دەست کاهینەکان و دەوڵەمەندەکانی هەردوو ئەمریکای باکوور و باشوور کە دەستیان گرتووە بەسەر بازاری ڕەشدا، هەروەها ئەوانەی کە هەزار ساڵە جەنگیان نەبینیووە کە لایان نێر بەرامبەر بە مێ سەرکەوتنی بەدەستهێناوە و هتد.... ئەمە بۆ ئەوەی بڵێم ئەم چامانە بەلای منەوە بانگەوازێکن بۆ ئەوەی کە ئەمرۆ بە هۆی نەبوونی دەستەواژەیەکی باشترەوە پێی دەڵێن هۆشیاری،

لەوەتای خراپەکاری باڵادەستە ئەو هۆشیارییە لە کوێدایە = ئاخۆ جگە لە چەند پاژێکی جەستە، چ شتێکی نێو هۆشیاری مرۆڤایەتی بەدکاری نەکردووە؟ ئەوەی من ئەنجامم داوە کارێکی هونەری نییە کە تەنها بۆ ئارەزوومەندان بێت هەروەها پێم وایە دەشێ بابلۆ بیکاسۆ وەک من ئارەزووی ئەوەی هەبێت لە ستایلێکدا گوزارشت لە دەربڕینەکانی بکات.

نیوەڕۆی چوارشەممە دێم بۆ ئەوەی بتبینم. ئیدی مەگەر خۆت ئارەزووت لێی نەبێت.

لەگەڵ ڕێز و سڵاومدا.

ئەنتۆان ئارتۆ

23 شەقای ئەلمیری

ئیڤەری – سورسین.

بۆ بابلۆ بیکاسۆ

من کەسێکی سەرەتایی نیم تا بەدوای تابلۆی وێنەکێشێکی مەزندا بگەڕێم بۆئەوەی سەرەتای هەنگاوەکانم دەست پێبکەم، پێشتر من بەسەر چەندین بابەتدا ئارەقەم ڕشتووە کە تەواویان ناگەنە ئاست فلتەری ئەو نەهامەتیەی کە لێوەی هاتووم، بەڵام بۆ خودی خۆیان کەم نین و پێویستیان بە یارمەتی و چاودێری هیچ کەسی تر نیە بۆ بەردەوام بوون لە گرتنەبەری ڕێگەی خۆیان، دوای دەرچوونم لە پاسێر (معزل) ی (ڕۆدز) لە کۆی تەواوی نووسینەکانم پینج چامەم هەڵبژارد، خاوەنی چاپخانەیەکم

دۆزییەوە ئارەزووی دەکرد لەگەڵ شەش تابلۆی زیوینی تۆدا بڵاوبکرێنەوە، گەر پێشتر بە دەستی من بووایە بەو جۆرە بیرم نەدەکردەوە، من دەتوانم وێنەی خۆم بکێشم و تێکستەکانیشم بە وێنەی نیمچە زیندوو برازێنمەوە، هەر لەبەر ئەوەی کە من لە (رودز) دەستم لە داهێنان (فبرکە)ی جەستەی زیندوو هەڵناگرت، بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی نەخۆشخانە دەروونییەکانی فەرەنساش دەستیان لە ئازاردانم هەڵنەگرت، تەمەنم پەنجا ساڵە، دانیشتووی (ئیڤەری) م پێج ساڵی تەمەنم لە گرتووخانەدا بردەسەر، ئەمە سەرباری بەدخۆراکی و برسییەتی و لە بەرکردنی کراسی تایبەت بە شێت، ماوەی پێنچ مانگیش بەردەوام لە رێی ترشی (حامز) ی سەنادیر و سیانۆری پۆتاسیۆم ژەهراوی دەکرام، پاشان دوو ساڵی درووست لە (رۆدز) لە کارەبا دەدرام، نزیکەی پەنجا جار لە هۆش خۆم چووم، پشتیشم دووجار بە چەقۆ پێکراوە، هەروەهاشوینەواری ئەو کوتەکە ئاسنینەی پێوە ماوە کە لە ساڵی 1937 لە شاری دبلن لێیاندام و برِبرەی پشتیان دوو لەت کردم، دەمەوێ بڵێم لەم بارودۆخەدا پەلکێشکردنی جەستەی خۆم ئاسان نییە، نیشانەی دۆستایەتیش نییە، کە پێنچ جار لە ئیڤەرییەوە بۆ شەقامی کرۆند ئۆگەستین جەستەم پەلکێش بکرێت لە پێناو هیچدا. ئاساییە ئەگەر شیعرەکانم مایەی رەزامەندیتان نەبێت و پێم بڵێی تۆ بۆ ئەو کارە ناشێی و یارمەتیم بدەی، بەڵام لانی کەم دەبووایە بت ووتایە و شەرەفی وەڵام دانەوەت پێ ببەخشیمایە، ئیدی وەڵامەکەت هەرچی چۆنێک دەبوو ئاساییە.

بابلۆ بیکاسۆ کاتژمێر مەترسیدارە

کتێبەکان، نووسینەکان، تابلۆکان، هونەر هیچ شتێک نین، مرۆڤ، حوکم لەسەر ژیانی دەدرێت نەک کارەکانی، دەی ئەو کارە چییە

گەر هاوار و ڤیژەی ژیانی مرۆڤەکە نەبێت، کارو بەرهەمی من کاری پیاوێکی ئەشکەنجە دراوە، بەڵام بێگەردە، من تەنها ئەژیم، پێم وایە ئەوەی ڕێگەی وەڵامدانەوەی لێگرتووی لە هەموو شتێک زیاتر ئەو شەیتانەیە کە لەم تەمەنەتدایە، کۆت و ملکەچی نازانم چ کار و دوودلییەکی کردووی، چ کۆیلە بوونێکی مرۆڤایەتییە هەستی ڕق و کینە کە کۆنترۆلی هەموو شتێک دەکات شێوازی جۆراوجۆری هەیە بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو کەسانەی کە بۆ ساتێک پێیان وابوو ئارەزووی دەربازبوون دەکەن لە سروشتی ئاژەڵی بەخششی خۆشەویستی زۆرپەڕ (شهوانی) یەکێکە لەو شێوازانە و زیاتر بەڵێن ئەدات، نەک جێبەجێکردن. خواوەند گەڕانەوەی لە ئیگۆ وە بەسەر چۆڵەمە (ترقوە)ی ڕەگەزێکی پوکەوە هاتووەتە ئاراوە، بۆیە ناوی خۆی نا ڕۆح نەک جەستە، ئەمەش جێی بایەخی هەندێک لەو کەسانە نییە کە پێشتر پێیانوابوو بۆ دژایەتی کردنی خراپەکاری خولقاوون، بەڵام دواتر چوونە سەر فێڵ و فریوەکانی لایەنی بێناوونیشان.

**وەرگێڕانی: شانۆکار**

# ئاڕتۆ و توندو تیژیی

**سیروان بێلانه**

ئەگەر بمانەوێت باس لە شانۆ بکەین دەبێت باس لە ئاڕتۆ بکەین، ئەگەر باسی ئەویشمان کرد، دەبێت هەڵوەستە بکەین لەسەر چەمکی توندو تیژی کە کاریگەری هەبووە بەسەر کۆمەڵێک شانۆکاری ناوداری جیهانیەوە وەک (ژان لوی بارۆ، پیتەر بروک، جۆدیت مالینا، جۆلیان بیک) ئاڕتۆ ئەندامێکی دیاری شانۆی پێشڕەوی فەڕەنسی بوو لەنێوان هەردوو جەنگی جیهانی یەکەم و دووەمدا هەر لەسەرەتاوە شانۆی سرووشتی و ڕیالیزمی ڕەتکردەوە، ئەو هەستی دەکرد کە خەڵکی تەنها لە خەوندا بەڕوونی خۆیان دەبینن، هەربۆیە خەون لایەنێکی گرنگی درامای ئاڕتۆیە و لەڕێگای شێوازی خەونەوە (جنۆکە و بووکەڵەی) بەکاردەهێنا بۆ دروستکردنی سەرسووڕمان لای وەرگر، ئەو بلیمەتە ژیانی پڕبوو لەنەهامەتی و داهێنان، پاش ئەوەی چەندین ساڵ لەنەخۆشخانەی عەقڵی دەمێنێتەوە دەردەچێت و دەگاتە لووتکەی داهێنان، ئەوەتا (ئادامۆف) لەساڵی 1947 دا دەڵێت ئاڕتۆ مەزنترین شاعیرە کە لەژیاندایە.. بەڵێ ئاڕتۆ یەکێکە لە دیارترین ڕابەرەکانی بزووتنەوەی شانۆی هاوچەرخ کەدوای گەڕانێکی بەردەوام بەدوای نهێنیەکانی ژیاندا بڕیاری یاخی بوون دەدات و دژبە شتە باوەکانی ژیان دەوەستێتەوە و بەدوای ئەلتەرناتیڤدا دەگەڕێت و بەردەوام دەبێت تاوەکو کاریگەری کارەکتەری (ئۆپۆ پاشا) ی جاری ڕەنگدانەوەی دەبێت لە ژیانی هونەری ئاڕتۆدا و دەگاتە ئەو قەناعەتەی کە سەرەتاکانی درووست بوونی شانۆ

وێنە پیرۆزەکانی شانۆی لەخۆ گرتبوو، بەڵام لەگەڵ ڕۆژگاردا ئەو شانۆیە پیرۆزی و جوانی خۆی لەدەست دەدات، کاتێک تووشی پەتای کۆمەڵگای شارستانی دەبێت، ئارتۆ لێرەدا یاخی نابێت لەدەرهێنانی شانۆیی بەتەنها، بەڵکو لە بابەتی شانۆیش، داوا دەکات کە دراما بگەڕێندرێتەوە بۆ سەرەتاکانی، چونکە لەو دەمە شانۆ گوزارشتی لە بارودۆخی مرۆڤ دەکرد و سرووتە درامیەکان پرۆسەیەک بوون کە مرۆڤ لە ڕێگایەوە لەسەربەرزی و ئازادی دڵنیا دەبۆوە، هەربۆیە بۆمان دەردەکەوێت کە شانۆی توند و تیژیی ئەو شانۆییە کە بارودۆخی مرۆڤ پێچەوانە دەکاتەوە لە ئاوێنەکەی و وێنەیەکی ڕاستگۆی ئاراستە دەکات، لەوکاتەدا کە تێگەیشتنێکی هەڵە درووست دەبێت لە ناساندنی شانۆی توند تیژیی، ئارتۆ دەڵێیت من مەبەستم لە توندو تیژیی قەت نەبووە کە لەژیاندا بەکار دەهێنرێت وەکو (سادیەت)، بەڵکو توندو تیژیی لای من پەیوەندی هەیە بە ئازار و هاوارەکانی سەرجەم مرۆڤایەتیەوە پاشان لە کارکردنیدا پشتی دەبەست بە (مۆسیقا، سەما، هونەری شێوەکاری، نواندنی بێدەنگ، ڕوناکی) بە تێکەڵ کردنی ئەو پێکهاتەیە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک (شاعیریەتی شوێن) ی درووست دەکرد، بەو شێوەیە کۆنترۆڵی (شاعیریەتی ڕووداو) ی دەکرد، چونکە ئەگەر شانۆ دەیەوێت پەیوەندی فیکر لەڕیگەی قسەکردنەوە بێت ئەوە خوێندنەوەی دەقەکە ڕێگاکەمان بۆ کورتتر دەکاتەوە، بۆیە ووشە هەمیشە شکست دێنێت لەهەوڵدانی بۆ دۆزینەوەی ئەو دنیا نەبینراوەی ئارتۆ، لەلایەکی ترەوە هۆڵە تەقلیدیەکان جێگای دڵخۆشی نین بۆ ئارتۆ و کارکردنی تێدا ڕەتدەکاتەوە، داوای گۆڕینی شوێنی نمایش

دەكات تاوەكو بینەر ئاگادار و بەشێک بێت لە ڕووداوەکان، داوا دەكات بینەر لەناوەڕاستی شانۆدا جێگیر بکرێت، لەگەڵ هەموو هەوڵەکانیدا نەیتوانی تیۆرەکەی خۆی جێبەجێ بکات، هەتا لەسالآنی -1927 1929 لەگەڵ (روجیە فیترال) پێکەوە بوون بە بەڕێوەبەرانی شانۆی (ئەلفرید جاری) و کۆمەڵێک ئەزموونی نمایش کرد، وەکو شانۆیی (خەون) ی ستریندبێرگ و دیمەنی سێیەمی شانۆیی (کلۆدیل) هەروەها ئامادەکردنی دەقێک کە لەچەند دەقێکی (شیلی و ستندال) بوون، لەکۆتایدا پاش ئەوەی چەند بنەمایەکمان لە شانۆی توندو تیژیی زانی، دەبێت کار لەو شانۆیە بکەین؟ ئایا تاوەکو ئێستا شانۆکارانی کوردستان تاچەند توانیویانە سەرکەوتوو بن لە شانۆی توندو تیژیی؟ پێویستمان بەچی دەبێت بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بین لەو جۆرە قوڕسە لەجۆرەکانی شانۆ تاوەکو کلیلی دەرگای ئەو دونیا پڕ لە نهێنیانەی ئاڕتۆ بدۆزینەوە و زیاتر ئاشنا بین بە ئاڕتۆ؟

# تێڕوانینی ئارتۆ بۆ شانۆ

**فرياد ئەحمەد**

ئارتۆ دەڵێ "ئەو نمایشەی پرۆسەی دەرهێنان دەکاتە پاشکۆی دەق،، لە ئەرک و ڕەسەنێتی کارەکە دەردەچێت" مەبەستی ئارتۆ ئەوەیە کە دەق بە چاوێکی سووک تەماشا بکرێت و گرنگی پێ نەدرێت، ئەو دەرهێنەرانەی کە دەق بەبێ گۆڕان لە جل و بەرگ و ئێکسوار و دیکۆر و هتد، دەگوازنەوە بۆ سەر تەختەی شانۆ، ئارتۆ ناوی دەرهێنەریان لێ نانێت، چونکە ئەندێشە و خەیاڵ و دیدگای دەرهێنەر نا ئامادەیە، کەسێکیش کە بەو پرۆسەیە هەڵدەستێت بەتاڵ بێت لە ئەندێشە و خەیاڵ، ناکرێ پێی بووترێ دەرهێنەر، لە تێڕوانینی ئارتۆ وە بۆ شانۆ، دەق هیچ پیرۆزیەکی نیە، چونکە هەر دەقێک بۆ سەردەم و کات و شوێنێک نووسراوە، دەقێک کە 500 ساڵ پێش ئێستا نووسراوە، داخۆ لە ئان و ساتێکی ئێستاییدا چ گرنگیەکی هەیە جگە لە مێژوو، ئەی ئەو دەقانەی کۆن بوون و بۆ سەردەمانێک نووسراون چۆن لە ساتەوەختی ئێستادا کاریگەر دەبن؟ ئەو دەقانەی تۆز و غوباری ڕۆژگاریان لەسەر نیشتووە، چۆن جارێکیتر ئەفسانە و هێزە ناوەکیەکەی زیندوو دەکرێتەوە و بەگەڕ دەخرێتەوە؟

ئارتۆ زۆر بە هێمنی وەڵامی ئەو پرسیارانەمان دەداتەوە و دەڵێ "پێویست بە پەرستن و لاسایکردنەوەی شاکار و ئەفسانە مێژوویەکان ناکات، پێویستە شانۆ تازەیی خۆی بپارێزێت لە ناوەڕۆک و فۆڕمدا" ئارتۆ پێی وایە دەبێ دەق لەڕووی فۆڕم و ناوەڕۆکیشدا تازە بکرێتەوە و بە ئێستا بکرێت، بە گڕخستنەوەی

دەق واتە فەرامۆشکردنی پیرۆزی دەقەکە و ڕزگارکردنی لە فەوتان و لەناوچوون، دەقی زیندوو خاوەنی هێزێکی ناوەکیە و نهێنیەکی گەورە لەپشتی زمانی ئاخاوتنەوە ئامادەیە و پەنهانە، کاری دەرهێنەر دۆزینەوەی ئەو نهێنییە و داڕشتنەوەیەتی لە پانتاییەکی جودادا، بەڵام زۆرجار دەرهێنەری بێئاگا تووشی هەڵەی زۆر گەورە دەبێت لە فەرامۆشکردنی پیرۆزی دەق، بۆ دەرهێنەرێک کە خاوەنی ئەزموون و مەعریفەیەکی شانۆیی نەبێت، لە دواجاردا کارێکی نازانستی و نا تەندرووستمان پێشکەش دەکات، لە کۆتایشدا ناوی لێ دەنێ تازەگەری، نمایشێک کە لە هۆشمەندی و زانست و مەعریفەوە سەرچاوەی نەگرتبێت، ئەوە مەبەستی ئارتۆ نیە، ئەوە ئارتۆ نیە پێمان دەڵێت، دەقێک پارچە پارچە بکە و هەموو بنەمایەکی درامی تیا فەرامۆش بکە، ئەوە مێشکی بەتاڵی ئەو دەرهێنەرە گەوجانەیە کە توانای خوێندنەوەی تێگەیشتنی دەقەکەیان نیە، بێ بایەخی دەق لای ئارتۆ مەفهومێکی هەیە و لای هەندێ دەرهێنەری کاڵفامیش مەفهومێکیترە، لەکۆتایدا نابێ ئەوەمان بیر بچێت کە ئارتۆ لەسەر دەقە گەورە و جیهانیەکان کاری کردووە، بەڵام بەبێ بایەخ تەماشایانی کردووە، داماڵینی دەق لە پیرۆزی بەو چەمکەی ئارتۆ باسی دەکات نەک بە میزاجی دەرهێنەر.

دەبێ شانۆ ئەمرۆیی و هاوچەرخ بێ و ئەفسانە کۆنەکان بە شێوەیەکی ئەمڕۆیی زیندوو بکاتەوە، بەڵام نابێ ئەوەمان بیر چێت کە ئەم ئێستاندنە و ئێراندنە هەمان ڕووخسارە دیارەکانی ژیانی ڕۆژانە نیە، کە بەشێک لە دەرهێنەرەکانی ئێمە تێی گەیشتوون و ڕووداوێکی سەرجادە یان کارەساتی هەڵەبجە و

ئەنفال وەک خۆی بەبێ دەسکاری دەگوازنەوە بۆ سەر تەختەی شانۆ، کاتێکیش لێیان دەپرسی هیچ سیمایەکی ئیستاتیکی و سیمیۆلۆژی و هیچ ئەفراندنێک لە نمایشەکەتدا نەبوو، چۆن ناوت لێناوە شانۆ؟ لەوەلامدا پێت دەڵێت، ئێمەی کورد ڕۆژگارێکی زۆر تاڵمان بینی ژیانێکی زۆر ڕەش ژیان، دەبێ باسی ڕووداوە مێژوویەکانی خۆمان بکەین و ڕووداوەکانی بۆ ئەمڕۆ و بە جیلی تازە بناسێنین.

بە باوەڕی ئارتۆ "شانۆ نە قوتابخانەیەکە بۆ فێرکاری و نە وتارێکە بۆ گێڕانەوەی مێژوو" گواستنەوەی واقع وەک واقع بۆسەر شانۆ، هیچ هونەرێکی تیا نیە، تێگەیشتنی ئارتۆ بۆ چەمکی ئێستاندن و ئێراندن مانای گواستنەوەی واقیع نیە وەک خۆی، بەڵکو مەبەستیەتی شانۆ جیاوازتر لەو ڕووخسارە ئاساییانەی ژیان کار بکات و دەسبەرداری بابەتە پەسند کراوەکانی ژیانی مرۆڤ بێت، چونکە ئەو بابەتانە (واتە گێڕانەوەی ڕووداوەکان) لە شانۆدا گرنگیان نیە و زوو کۆن دەبن، ئارتۆ کە باس لە چەمکی ئێستاندن و ئێراندن دەکات، پێی وایە دەبێ دەرهێنەر سەرجەم هێماکانی نێو ئەفسانە و ڕووداوە مێژوویەکان لە پانتایی کات و شوێن و کەشی نمایشدا زیندوو بکاتەوە، واتە گەڕان و بنیاتنانەوەی ڕووداوەکان  و تەرجەمەکردنی وێنە نهێنەیەکان و گوزارشتکردن لە ژیان بەزمانێکی جیهانی و شمولیتر، کە زمانی شانۆیە و دەرهێنانی وێنەکانی ژیان و پێشکەش کردنیانە بەشێوەیەکیتر، جودا لە ژیانی ڕۆژانە.

کاری ئێستاندن و ئێراندن بە ئێستە کردن و بە ئێرەکردنی دەقە، بۆ ئەوەی جارێکیتر ئەو ڕۆح و ناوەخن و ناوەڕۆکە

بدۆزرێتەوە کە ئەو شاکارە هونەرییانەی پێک هێناوە، وە لەڕێگەی ئەکتەری هاوچەرخەوە بگوێزرێتەوە بۆ بینەری هاوچەرخ، ئەگەر نمونەیەک لەسەر هاملێتی شکسپیر بێنینەوە، کە باس لە پادشایەکی دانیمارکی دەکات، دەرهێنەرێکی عیراقی بەناوی سامی عبدالحمید لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو هاملێتی کرد بە (هاملێتی عەرەبی) دەرهێنەرێکی یابانی بەناوی (نینا گاوا) کردی بە (هاملێتی یابانی) لە مانگی حوزەیرانی 2007 یش نیهاد جامی دەرهێنەری تیپی شانۆی ئەزمونگەری کەرکوک هاملێتیان کرد بە (هاملێتی کەرکوک) کە هەر کەسێک لەمانە هاملێتیان داماڵیبوو لە هاملێتی دانیمارکی و بۆ ڕۆژگاری خۆیان سوودیان لێ وەرگرتبوو، لە دیدگای ئارتۆ وە ئێستاندن و ئێراندن بە مانای ڕوو بەڕووکردنەوەی بینەر لەتەک بابەتە گرنگەکان، ئەمە پرۆسەی ئێستاندن و ئێراندن لە شانۆکەی ئارتۆدا.

# لەژێر تیشکی تێڕوانینی ئەزموونی شانۆیی لای ئەنتوان ئارتۆ

کۆسرەت عەبدولڕەحمان

(1)

خوێندنەوەیەکی ووردی هەندێ مەسەلەی گرنگ کەوا ئارتۆ جودا دەکاتەوە لەگەڵ هەموو ئەو تەیارو ڕەوتە شانۆییانەی دی، بۆ قسەکردن وڕاوەستانیش لەسەر هەندێ مەسەلەی گرنگ لەلای ئارتۆ پێویستە هەندێ چەمک بخەینە بەردەست.

لێرەدا سنوری زمان لەلای ئارتۆ یان لە شانۆی توندوتیژییدا

مەسەلەیەکی باسەکەمانە، هەروەها قسەکردن لەسەر تەکنیک وجیاوازی تەکنیک لەلای ئارتۆ ودواتر لەشانۆی توندوتیژیی مەسەلەیەکی دیکەی باسەکەمانە، تەوەری سێیەم کە باس لەهۆڵی شانۆو قەدیس بوون وقەدیس نەبوون لەهۆڵ وچوونە دەرەوەی هۆڵی شانۆ، نمایش کردنی شانۆیەکانمان لەدەرەوەی هۆڵ، مەسەلەیەکیتر چی ئامانجێک لەپشتی ئەوەیە لەهۆڵی شانۆ بێینە دەرەوە، دوا تەوەر باسکردنە لەسەر مۆسیقاو گەڕان بەدوای ئامێری تازەو گەڕانەوە بۆ ئامێرە کۆنەکان لەشانۆییەکانی ئارتۆدا و شانۆی توندوتیژییدا.

(2)

ئەگەر زمان بەتەنها بیتوانیایە لەگەیاندنی هەستی ماددی فعلی سەلماندنی بێت، ئەوە ئازارەکانی ناوەوەی ئارتۆ لەشانۆی توندوتیژیی بۆ خەڵکانی دیی پێنەگەیشتن، لەوانەیە وەک ئەم هێرش بردنە بەسەر هەستی ئەو خەڵکانەی شانۆ پاڵنەرێک بێت بۆ ئاگاداری وهۆشیارکردنەوەیان لەبێ موبالاتیاندا، هەروەها لەمیانی خنکانیاندا کە وەک ئازارو ژان وان وهەستیان پێ دەکرێت، لەوانەیە زهنی نقومبوویان بکاتەوە پاشان گیانیشیان بلەرزێ.

ئارتۆ لەمیانی هەوەسی پێشبینەکانی وای لێکرد ڕۆحە بریندارەکەی بەسەربەستیەوە ڕێگا بدات کە بگاتە ئەوەی سریالیەکان ئامانجیان بوو، ئەوەش گەڕان وپشکنینە لەبواری نووسینی سەرپێی کە ڕێگای نوێ بەرەو قوڵترین چینەکانی هزرو تاریکترین شوێن دەگرێتە بەر، لەهەمان کاتدا دەست دەگرێ بەسەر جولەی ئەم هزرە کە لە قوڵاییەکانی نەستەوە بۆ

ڕوناکی هەستەوە هەڵدەقوڵێت ئەمەشیان پەیوەستە بە شیعرەوە.

(3)

تەکنیک لەلای ئاڕتۆ چیە؟ مەسەلەکە لەوەدایە کە شانۆ بەمانای تەواوی وشەکە دەورێکی پێ ببەخشرێت، شتێکی دیاری کراوو چەسپاوی پێ دەبەخشرێت، لەشانۆییەکانی ئاڕتۆدا تەکنیک هەروەک سووڕانەوەی خوێن لەدەمارەکاندا یاخود پەرەسەندنی ڕووکەشی فەوزای وێنەکانی خەونە لە مێشکدا، ئەمەش بەهۆی جلەوگیری کردنی کاریگەرو بەکارخستنێکی ڕاستەقینەی بە ئاگایی بوونەوە دەبێت، شانۆ لەتوانایدا نیە ببێ بە شانۆ، واتە ناتوانێت هۆیەکانی بەوەهم کردنی ڕاستەقینە ببێنێتە کایەوە، تەنها بەوە نەبێت توێژەرە ڕاستەقینەکانی خەون بۆ بینەر پێشکەش بکات.

ئەو ساتەی ئارەزووی لەهەڵسان بەتاوان وگەرەلاوژەی چێژراوی ودڕندەیی و خەیاڵ هەستی یۆتۆپی بە شتەکان ببەخشرێت ولەئاستی ناخیدا دەتەقنەوە کە خەیاڵ و پێشنیازەکەی نابێ بەی واتایەکیتر، پێویست بوو ئاڕتۆ چاوێک نەک بەهەموو دیاردەکانی جیهانی دەرەکی و بابەتی و وەسفیدا بخشاندبا، بەڵکو دەبوو ئاڕتۆ چاو بەجیهانی ناخیشدا بخشاندبا، واتە ڕوانین لە مرۆڤ بەشێوەیەکی میتافیزیک تەنها بەم ڕێگەیە لەشانۆکەیدا دەتوانین دەربارەی مافەکانی خەیاڵ بدوێین نە گاڵتەو گەپ ونەشیعر نە خەیاڵ مانایەکیان دەبێت لەم بارەشەوە، دەبێت نزیک بوونەوەی ئەم زمانەی شانۆ لەو پێدراوانەی کە لەتواناییاندایە هێزیان بەشێوەیەکی شاعیری بخەنە دوو توێیەوە وەکو "ئەو زمانە ڕاستەقینەیەو نەوەک تەقدیریە" بەهۆی موگناتیسیەتی

دەمارەکانی هەستی مرۆڤەوەو بەکارهێنانیان، ئەوەش بەمەبەستی بەرجەستە کردنێکی واقعیانەو تێپەڕکردنی قسەکردن لە سنوورە ئاساییەکانی هونەر.

(4)

لەشانۆی توندوتیژیدا دەبێ دەستبەرداری شانۆی هۆڵ بین لەبڕی ئەوانە تاقە شوێنێکی دیاری کراو وەردەگرین کەبێ بەربەست وبێ دیوار بێت و ببێتە شوێنی ڕووداوەکان، بەمەش پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان ئەکتەرو بینەر و پێشکەش کردندا درووست دەبێت، چونکە بینەر دەکەوێتە ناوەندی ڕووداوەکان، ڕووداوەکان دەوروپشتی دەتەنن، بەمەش بینەر ئابلوقە دەدرێ ولەلایەنی ڕووداوەکانەوە ئەم ئابلوقەدانەش لەشێوە گۆڕینی هەلوێستەوە دێتە دی، بەم جۆرە هۆڵی پێشکەش کردنی ئێستا چی دەبێت و دەچینە هەندێک شوێنی عەمبارەو یان هەندێک ژووری گیاندارەوە، دەست بە بنیادنانەوە دەکەین، بەپێی ئەو کارە ئەندازییاریانەی کە بەکار دەهێنران بۆ درووست کردنی هەندێک کەنێسەو هەندێک شوێنی پیرۆز.. هەندێک پەرستگا کە تێیدا لەناو بیناسازیەکەی ئەویش چاومان بە ئاستی جوداو بەرزو نزمی دەکەوێت، بەچوار دیوار دەوری دەگیرێ، بینەریش لەم شوێنەدا لەسەر کورسی جێگیر دادەنیشێ وتوانایی ئەوەی دەبێت بڕوانێتە پێشکەش کردنی شانۆ، بزربوونی شانۆ بەمانای ئاستی ووشەکە یارمەتی ئەوە دەدات، ڕووداوەکان هەر چوار کونجی شانۆ بگرنەوە، هەروەکو چۆن شوێنی دیاریکراو بۆ ئەکتەرو کاری شانۆیی تەرخان دەکرێت لەهەر چوار دەوری شانۆدا، دیمەنەکانیش لەبەردەم دیواری سپی کراو دەورەکان دەبینرێن.

(5)

ئامێر وەکو بەشێک لە دیکۆر بەکار دەهێنرێت، وێرای ئەمەش پێداویستی بوون بۆ کاریگەری کردنە سەری، ئەوەش گەڕانە بەدوای خاسیەتە دەنگیە تازەکانەوە، بەدوای لەرەو سەدای ئەم دەنگانەوە کە بەشێوەیەکی ڕەها نەناسراون، ئەو خاسیەتانەی لەئامێری مۆسیقاکەدا نیە، ئەوەش پێویست بە بەکارهێنانی ئامێری کۆن وبیرکراو دەکات، یاخود داهێنانی ئامێری نوێ هەروەها ناچاری ئەوەمان دەکات لەدەرەوەی مۆسیقادا بەدوای ئامێرو کەرەستەی وادا بگەڕێچین کە پێک هاتبێت لە تێکەڵیەکی تایبەت یا تازەی کانزاکان کە لەتوانایدا بێت، بگاتە ئاستێکی تازە کە دەنگ وهەرایەکی توندوتیژو کاریگەر درووست بکات.